**Erik- Emmanuel Schmit**

# داده سووریٚ و ئۆسكار

**وەرگێر : سەلاح گادانی**



"بەسەرهاتێک کە شوێنەواری لە لات دەمێنێ"

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: دادە سووری و ئۆسکار

نووسەر: Erik- Emmanuel Schmit

وەرگێڕ: سەلاح گادانی

بابەت: ڕۆمان

تیراژ:

چاپی یەکەم: ٢٠١٨

چاپخانە:

ISBN: ٩٧٨-٩١-٦٣٩-٦٦١٨-١

# دادەسووریٚ

# و

# ئــۆســـــــکـار

نووسینی

ئیریک ئیمانویٚل شمیت

بە زمانی فرانسەیی

وەرگیٚڕ لە زمانی سویٚدییەوە:

سەلاح گادانی

٢٠١٨

له تەواوی ئەو کاتانەدا کە بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە لاپەڕ کەم و بە ناوەرۆک دەوڵەمەندەوە خەریک بووم، یاد، وێنە و وتەی سێ کەس هەر دەم لە زەین، لە بەر چاوان و لە گوێمدا بوون. ئەم سێ کەسە هەر کامیان بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوێن و هاندەری بەردەوامیم لەو بوارانەدا بوون کە لێیان تێپەڕیوم یان ئێستا لە سەریان بەردەوامم. ئەم کارە بچووکە پێشکەش بەم سێ مامۆستایەی ژیانم دەکەم.

سوپاس بۆ باوکم کە ڕێگەی دۆزینەوەی ڕێبازی مرۆڤ بوون و خۆڕاگری لە هەمبەر نارێکی‌یەکانی ڕۆژگاری، نیشان دام.

سوپاس بۆ مامەکانم خەلیل و مەحەمەد کە تا دوا چرکەی ژیانیان بە باوەڕەوە ژیان و بۆ من و زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵە بوونە سەرمەشق و هاندەر.

وەرگێڕ سەلاح گادانی

پووشپەری ٢٧١٨ سوئێد

ئەم کاتەت باش خوا!

من ناوم ئۆسکارە، تەمەنم دە ساڵە، کۆمەڵێک کاری ناشیرین و دزێوم کردووە. کلکی سەگ و پشیلان و خانووەکەمانم ئاگر تێبەرداوە. وابزانم تەنانەت جارێکیان ماسییە سوورەکانیشم لە ئاوەکەیان دەرهێناوە و دانیشتوومەتە سەیری هەڵبەز و دابەزیان. ئەوە یەکەم جاریشە نامە بۆ تۆ دەنووسم. وەک خۆت دەزانی تا ئێستا لە بەر چوونی فێرگە دەرەتانم نەبووە .

ڕاستییەکەت بوێ، ئەگەر مەجبوور نەبم هیچ وازم لە نامەنووسین نییە. نووسین شێوەیەکی باشە بۆ درۆکردن، ئەویش وەک خۆت دەزانی، لە گەورەکان دەوەشێتەوە.

دەڵێی نا وانییە؟ با نامەکە سەر لە نوێ دەس پێبکەینەوە :

"" من ناوم ئۆسکارە، تەمەنم دە ساڵە، کۆمەڵێک کاری ناشیرین و دزێوم کردووە. ئاگرم بەرداوەتە کلکی سەگ و پشیلان و خانووەکەمان. وابزانم تەنانەت جارێکیان ماسییە سوورەکانیشم لە ئاوەکەیان دەرهێناوە و دانیشتوومەتە سەیری هەڵبەز و دابەزیان. ئەوە یەکەم جاریشە نامە بۆ تۆ دەنووسم. وەک خۆت دەزانی تا ئێستا لە بەر چوونی فێرگە دەرەتاتم نەبووە."" دەشم توانی بنووسم "" نازناوم "سەرهێلکە"یە و ڕوومای منالێکی حەوت سالانم هەیە، بە هۆی نەخۆشی (شێرپەنجە) سەرەتانەوە لە نەخۆشخانە دەژیم و تا ئێستاش هیچ کات تاکە وشەیەکیش چییە بۆم نەنووسیوی، چونکە باوەڕم بە بوونت نییە.""

لەوانەیە بە نووسینی ئەم فەرمایشتانە کارەکە لە خۆم تێکدەم و هیچ حەز نەکەی گوێم بۆ ڕادێری. بەڵام هەر چۆنێک بێ دەبێ پێمەوە ماندوو و سەخڵەت بی. ئەوە پێویستی سەرەکی منە.

زۆری منەت هەیە ئەگەر ئیشێک یان دووانم بۆ جێ بەجێ بکەی، کە ئێستا بۆت باس دەکەم.

نەخۆشخانە شوێنێکی خۆشە. گەورەکان ڕووخۆشن و بەردەوام بە دەنگی بەرز دەدوێن. تا حەز دەکەی شتوومەکی یاری و دادەی پەمەییپۆشی لێیە کە هەر دەم ئامادەن لە گەڵ منداڵەکان و هاوڕێکانم وەک "چزیلک"، "ئەنیشتەین" و "گیپن"، کە ئەوانیش هەر نیشتەجێی نەخۆشخانەن، یاری بکەن. کە دەڵێم شوێنێکی خۆشە هەر قسە نییە و لە خۆ ڕا واناڵێم، تەنیا ئەوەندە کفایەتە کە نەخۆشێکی لە سەردڵان بی و دڵخۆشیان ڕاگری.

بەڵام ئێستا ئیتر من دەمێکە بۆیان دڵخۆشکەر نیم. بە دوای ئەم نەشتەرگەرییەی وا لە سەر موخیان کردم، هەست دەکەم دەوروبەرم زۆر بە دەماخ نین .

سەر لە بەیانییان دوکتۆر دۆسلدۆڕڤ دێتە سەردانم، سەیری ڕێژە جۆراوجۆرەکان کە وا بەتەنیشت تەختی خەوەکەمەوە هەڵواسراون، دەکات، دەبینم دۆخەکەی

بە دڵ نییە و بێهیوایە. بێ ئەوەی هیچ بڵێ بە چەشنێک سەیرم دەکات، وەک بڵێی تاوانێکم ئەنجام دابێ. هەرچەند من کاتی نەشتەرگەرییەکە زۆر ئازا، روحسووک و لە سەر دڵان بووم، لێگەڕام دەخەوم کەن واتە بێ هۆشم کەن، سەرەڕای ژانێکی زۆر دەنگم لێوە نەهات و دەرمانەکانیشم هەر دەم بە ڕێکوپێکی خواردووە.

هێندێک ڕۆژ لە خۆم دەنووسێم بە سەریدا بگوڕێنم و بڵێم، پیاوی چاک! بە خۆت و بەم چاوە چکۆڵانەتەوە کە لە ژێر برۆکانت و لە پشت چاویلکەکەتدا، هەربە قەت دەنکە نۆکێکیان لێماوەتەوە، وا سەیری من مەکە! ڕەنگە بۆخوت دە نەشتەرگەری و عەمەلیاتەکەدا سەرکەوتوو نەبووبی.

بەڵام کە دەبینم وا هەناسە سارد، بێهیوا و کەنەفتە، هەموو وشەکان دە ئەوکمدا پەنگ دەخۆنەوە .

هەر چەند جارێک دوکتۆر دۆسڵدۆڕف وا بێدەنگ و کەنەفت دەبینم زۆرتر هەست بە تاوانباری دەکەم. لێم

حاڵیبووە کە نەخۆشێکی باش نیم و کۆشک و قەڵای باوەڕی دوکتۆرەکانم بە زانستی پزشکی، تێکقرماندووە.

چۆنیەتی بیرکردنەوەی دوکتۆر دۆسڵدۆرڤ وەک ڤایرۆس دەوروبەریشی داگرتووە. ئێستا پەرەستارەکان، دوکتۆرە گەنجەکان کە لە زانکۆوە بۆ فێربوون دێن، بگرە خزمەتکارەکانی ئەو بەشەش کە وا منی لێم، هەر بە شێوەی دوکتۆر دۆسڵدۆرڤەوە سەیرم دەکەن. مات و کەساسن. ئیتر وەک پێشوو بە قەشمەرییەکانی من پێناکەنن، بەڵکوو بە زۆری بزەیەک دیننە سەر لێوان، وەک بڵێی سەردەمی هاوکێشیی پێکەنینەکانمان بەسەرچووبێ. تەنیا کەسێک کە نەگۆڕاوە"دادە سووریێ"یە کە گفت و لفت و هەڵستوکەوتی هەر وەک جارانە. ئەویش وابزانم تەمەنی هێندە لە سەرێیە بۆیە هیچ ئاڵوگۆڕی بەسەر دانایە. ڕووپۆشەکەی بڵێی و نەڵێی باوێک لە هی پەرستارە پەمەییپۆشاکانیتر ئاماڵ سوورترە. هەر بۆیەش ناوم ناوە "دادە سووریێ."

خوایە! چاوەڕوان مەبە، بە تەما نیم دادە سووریێت پێبناسێنم، چونکە برادەری خۆتە. ئەویش بوو بە منی گوت نامە بۆ تۆ بنووسم. هەر چەند کە ئەوە تەنیا منم بە دادە سووری بانگی دەکەم، بەڵام دەبێ بزانی باسی کێ دەکەم .

ئەو لە هەموو پەرستارە پەمەییپۆشەکانی دیکە کە دێنە بەشیمنداڵان، بە تەمەنترە.

- دادە سووری تەمەنت چەندە؟
- ئۆسکار گیان ژمارەیەکی سیزدە ڕەقەمیت لە بیر دەمێنێ؟
- نا وانیە، گاڵتەم پێدەکەی!
- نا، بە هێچ کلۆجێک نابێ کاربەدەستانی نەخۆشخانە تەمەنی من بزانن. بێتوو بزانن، لێرە دەرم دەکەن و ئیتر ناتوانین یەکتر ببینین.
- لە بەر چی؟
- من بە قاچاخ خۆم دەگەڵ خستووە. ئەگینا لەبەرکردنی ڕووپۆشی پەمەیی، سنووری

تەمەنی خۆی هەیە، کە وا من دەمێکە ئەو سنوورەم تێپەڕاندووە .

- واتە ماوەی لە کارکردنت تێپەڕ بووە و "ئیکسپایر" بووی.
- بەڵێ
- وەک قوتووی شیری پاستۆڕیزە؟
- شــــ.. ش !
- دەی باشە! هیچ ناڵێم.

دادە سووریێ زۆر بەجەرگە کە نهێنی خۆی لە لای من درکاند. بەڵام خەمت نەبێ، کوڕێکی قایمی هەڵبژاردووە، مەگەر گۆڕ لێم بزانێ.

کە بیری لێدەکەمەوە زۆر بەلامەوە سەیرە، چۆن ئەو هەمووە چین و لۆچەی تەوێڵ و بەر چاوانی لێیان لە قاو نەداوە.

جارێکی دیکەش هەروا بە هەڵکەوت نهێنێکیتری دادە سووریێم پێزانی .

خوایە! ئێستا کە ئەمەیانت بۆ دەگێڕمەوە دڵنیام بێ یەک و دوو دەزانی باسی کێ دەکەم.

ئەو ڕۆژە لە پارکی نەخۆشخانە پیاسەمان دەکرد کە لە ناکاو پێی‌نایە ناو گووسەگ و گوتی:

- لەعنەتی خـــــ...
- دادە سووری، بۆ وا ناشیرن دەدوێ!
- هێدی بە، هێدی بە! چۆنم پێخۆش بێ وا قسەدەکەم.
- جا کوا وا دەبێ دادە سووری!
- دەی پێ‌هەڵێنەوە! بە گیانی ناخێرمان ئێمە هاتووینە پیاسە. کیسەڵ خێراتر دەڕوا.

کاتێک دانیشتینە سەر کورسییەک و سەرەو شەگەڵاتێکمان خوارد و هێندێک حەساینەوە، پرسیم:

- چۆنە وا دەم‌شڕی؟
- ئۆسکار گیان، لە ئیشی پێشوومدا تووشی ئەم نەهامەتییە بووم. لەو ئیشەدا زمانی نەرم و نیان نیشانەی لاوازی و ترسنۆکی بوو.

- کام ئیش، بۆ ئێشی دیکەت هەبووە؟
- لەوانەیە بڕوام پێنەکەی.
- با، بەڵێن بێ.
- زۆرانیگر .
- گاڵتە دەکەی !
- زۆرانیگر! نازناویشم "شێرەژنیکاسێڵ" بوو.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەر کات بێتاقەت دەبم و دادە سووریێش دڵنیا بێ کەس نامانبیستێ، باسی زۆرانبازی و کێبەرکێ بەناوبانگەکانی خۆیم بۆ دەکات. کێبەرکێی شێرەژنی کاسێڵ بەرانبەر بە "کۆڵەوەژی جەهەننەمێ" یان دەسوپەنجە نەرمکردنی شێرەژنیکاسێڵ دەگەڵ "مەچەکبابۆڵە" و سەرتۆپی هەموانیش وەستان لە بەرانبەر "دان ئاڵتون" لە جامی جیهانیدا. دان ئاڵتون یەک لەوانە بوو کە تا ئەو کات پشتی بۆ جارێکیش لە دۆشەگ نەدرابوو.

کاتێک باسی کێبەرکێکان دەبیستم، لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆمدا دادە سووری بە ڕووپۆشە پەمەییە ئاماڵسوورەکەیەوە دەبینم کە چۆن قژی مەچەک

بابۆڵەی بە دەستەوەیە و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێ. هەر وەک بۆخۆم بم وایە، هەست بە هێز و توانایەکی پتر دەکەم، خوێن لە دەمارەکانمدا گەڕێکی توندتر دەگرێ و هەستی تۆڵەم تێدا دەبزوێ.

خوایە ئێستا چی، ئەگەر ئێستاش دادە سووری یان شێرەژنی کاسێڵ بەو هەمووە ناو و ناوبانگەوە نەناسێیەوە، ئەی کێ دەناسێ؟

جا با بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان.

دوابەدوای نەشتەرگەریەکەی سەر موخم، لێرە لە نەخۆشخانە زۆربەیان نائومێد بوون، وا دیارە لێدانی کیمیایش ناسۆرەکەی منی پێ بنەبڕ نەکراوە. لەوە دەچێت ئێستا ئیتر دوکتۆرەکان دەستەوەستان مابنەوە و نەزانن چ بکەن. ئا لێرە دایە کە منیش بەزەییم پێیاندا دێ. دوکتۆر دۆسڵدۆڕڤ، کە دایکم پێیوایە زۆر قۆزە و منیش پێموایە برۆکانی زۆر چڕ و داشۆڕاون، زۆر خەفەتبارە، دەڵێی پاپانۆئێلە و خورجێنەکەی هیچ دیاری تێدا نەماوە.

بار و دۆخەکە هەر دێ و خراپتر دەبێ، تەمێک دەوروبەرمی داگرتووە. لە گەڵ "چزیلک"ی برادەرم لەو بارەوە قسەم کرد. لە ڕاستیدا ئەو ناوی چزیلک نییە بەڵکوو ناوی"ئـیـڤـێـس"ـە، بەڵام لێرە ئێمە پێی دەڵێین چزیلک، چونکە ئازای لەشی سووتاوە و برینە.

- چزیلک! وێناچێ ئیتر دوکتۆرەکان زۆریان حەز لە من بێ، هەر دێ و زۆرتر خەفەتباریان دەکەم.
- سەرهێلکە، وێکی نێ! ئەوە دەڵێی چی، دوکتۆر بە سەبرن. ئەوان هەموو کات دەیان ڕێگاچارە، دەرمان و نەشتەرگەرییان هەیە کە لە سەر نەخۆشێک ئەنجامی بدەن. ئەژماردوومە، بەڵێنی شەش عەمەلیاتیان پێداوم.
- ئاخر نەخۆشییەکەی تۆ جیاوازە و هەڵدەگرێ.
- لەوانەیە.
- باشە بەڵام بۆ دەقاودەق و بێ پێچانەوە، پێم ناڵێن کە دەمرم؟

کە وام گوت، چزیلکیش وەک هەموو ئەوانەی تر لە نەخۆشخانە کەڕ بوو. لە نەخۆشخانە کەس نییە وشەی "مردن" ببیستێ. بە بیستنی ئەم وشەیە ساتێک بێدەنگی ژوورەکە دادەگرێ و پاشان خێرا قسەکە دەگۆڕن و لە شتێکی دیکە دەدوێن. من ئەوەم لە سەر هەمووان تاقیکردۆتەوە لە سەر دادە سووریێ نەبێ.

ئەم بەیانییە ویستم دادە سووریێ تاقی بکەمەوە بزانم ئەویش بە بیستنی ئەم وشەیە گوێی کپ و گران دەبێ!؟

- دادە سووریێ، وێدەچی کەس نایهەوێ پێم بڵێ کە خەریکە دەمرم.

دەمێکی باش تێم ڕاما. بڵێی ئەویش دژکردەوەی هەر وەک هەموو ئەوانیتر بێ؟ لە دڵی خۆمدا گوتم، نا ئیتر ئەتۆش نا، شێرەژنی کاسێڵ بەجەرگ بە، مات مەبە و سەرت لە بەر خۆت مەنێ.

- چ پێویستە شتێکی هەر ئێستا خۆت دەیزانی، خەڵک بۆت باس بکا؟

- سەیرە خۆ بیستی! خۆ گوێی لێبوو!
- وا هەست دەکەم کە ئێرە لە گەڵ نەخۆشخانەی دیکە جیاوازی هەبێ. بە ڕواڵەت وا دەنوێنن کە خەڵک بۆیە دێننە ئەم نەخۆشخانەیە، چاری بکەن، کە چی واش هەیە مرۆڤ بۆ مردن بهێننە ئێرە.
- ڕێی تێدەچێ ئۆسکار، وا بزانم ئێمە ئەم هەڵەیە لە گەڵ ژیانیشدا دەکەین. لە بیرمان دەچێت کە ژیان چەند ناسک و زەریفە و چەند زوو لە کیس دەچێ. هێندە کەمتەرخەمین هەموو پێمانوایە نەمرین و هەتا هەتایە دەژین.
- دادە سووریێ، وابزانم نەشتەرگەرییەکەم سەرکەوتوو نەبووە، وەنییە؟

دادە سووریێ هیچ وڵامێکی نەداوە. ئەوەش شێوەیەک بوو لە وڵامدانە و هاوڕیی کردنی پرسیارەکەی من. کاتێک دڵنیا بوو کە وڵامەکەم وەرگرتووە و تێگەیشتووم، سەری هێنایە بن گوێم و بە دەنگێکی نزم و داواکارانە وتی:

- دەتوانی سوێندم بۆ بخۆی کە ئەمەت لە من نەبیستووە؟
- سوێند دەخۆم.

بۆ دەمەساتێکی باش نوقمی بیدەنگی بووین و لێگەڕاین ئەم بیرۆکەیە باش لە مێشکماندا بنیشێ و جێ بگرێ.

- ئۆسکار بۆ نامەیەک بۆ خودا نانووسی؟
- نا، ئیدی ئەتۆ نا، دادە سووریێ!
- چی ئەمن نا؟
- تۆ نا! پێم وا نەبوو تۆ درۆیان بـکەی.
- بەڵام من درۆ ناکەم.
- ئەی بۆ باسی خوا دەکەی؟ جارێک بە چیرۆکی پاپانۆئێل سەریان خستۆتە سەرم و فریویان داوم. جارێکیش بەسە!
- ئۆسکار، من هیچ پێوەندێک نێوان خودا و پاپانۆئێل نابینم .
- هەر یەک شتە، مێشک شووردنەوە و بە شێت زانین.
- پێتوایە شێرە ژنی کاسێڵ، زۆرانکاری بە تەمەن، خاوەنی سەت و سی میداڵیای براوە

له سەت و شێست و پێنج کێبەرکێدا، بۆ تاکە چرکەیەکێش بڕوای بە پاپانۆئێل بێت؟

- نا.
- واتە من بڕوام بە پاپانۆئێل نییە بەڵام باوەڕم بە خوا هەیە .
- جا کە شێرە ژنی کاسێڵ وا بڵێ، ئەوە شتێکی دیکەیە.
- بۆ نامە بۆ خۆا بنووسم؟
- ئەو کات هەست بە تەنیایی ناکەی.
- وەلا بابە تەواوە. تەنیایی بە شتی نەبوو پڕ نابێتەوە.
- کارێکی وا بکە کە هەبێ.
- خۆی خوارکردەوە و هاتە بن گوێم و وتی:
- هەر جارێ بیری لێبکەیەوە، هێندێک زۆرتر هەست بە بوونی دەکەی. ئەگەر کۆڵ نەدەی و بەردەوام بی، بوونی بە تەواوی هەست پێدەکەی. ئەوکات یارمەتیت دەدا.
- جا چی بۆ بنووسم؟
- بۆی باس بکە کە چۆن بیر دەکەیەوە. ئەو بیرانە کە لێیان نادوێین چەشنی خۆرە مرۆڤ

له جموجۆڵ دەخەن، زەلیلی دەکەن و له ناوی دەبەن. ئه و بیرانه که لێیان نادوێین مێشکی مرؤڤ بۆ خۆیان تەرخان دەکەن و ڕێگای سەرهەڵدانی بیری نوێ نادەن. ئەگەر له بیرەکان نەدوێین بۆگەن دەبن و وەک تەنکه خۆل بۆگەنیان گەڕەکه ماڵێک دادەگرێ.

- تێگەیشتم

- دەتوانی هەر ڕۆژێ داوایەکیشی لێ بکەی. بەڵام هەر یەک!

- دادە سووریێ ئەو خوایەی تۆ زۆر لەچەرە. ڕووحی ناو قۆڕییەکەی عەلائەدین سێ داوای جێبەجێ دەکرد.

- جا بەرخی بابم ڕۆژێ ئاواتێک وەدی بێ باشترە یان سێ ئاوات بە درێژایی تەمەنێک؟

- باشە تۆ بڵێی بتوانم داوای هەموو شتێک بکەم؟ وەک شوگلات، ورچۆکە یان سەیارەیەک....

- ئۆسکار گیان وا دیارە دیسان خەریکە خوا و پاپانۆئێلت لێتێکدەچێ.

- تۆ دەتوانی داوای شتی وا بکەی تا مانای ژیان تێبگەی و سەربردەت بگۆڕی.
- وەک چی؟
- بۆ وێنە هێز، توانا، وره و وڵامی ئەو شتانەی تێیان ناگەی.
- بەڵێ، تێگەیشتم.
- ئۆسکار، تەنانەت دەتوانی بۆ خەڵکی دیکەش بپاڕێیەوە و ئاواتیان بۆ بخوازی .
- لە سەر ڕۆژێ تاقە ئاواتێک پیاوەتی ناکرێ. بۆخۆم گەلێک ئاوات و ئارەزوم هەیە .

ئەوە بوو سەرچاوە، بناوان و هۆی ئەو نامە نووسینە .

وا لەو نامەیەدا دۆخی ژیانی خۆم لە نەخۆشخانەدا بۆ باس کردی، ژیانێک کە بۆتە هۆی نیگەرانی دەوروبەرم و بێباوەڕی بە زانستی پزیشکی.

خوایە حەز دەکەم بزانم، پێتوایە لەم نەخۆشییە دەرباز دەبم و چاک دەبمەوە؟ بەڵام لێم مەپێچەوە، بێ یەک و دوو بڵێ ئـــا یان نـــا، داوایەکی قورس نییە.

تا بەیانی ماڵاوا

ئۆسکار

ئەوە خراپ خۆ ئادرەسەکەشتم نییە، چ بکەم؟

ئەم کاتەت باش خوایە!

بژی بەڕاستی تۆ زیرەکی، بەرلەوەی نامەکەت بۆ پۆست بکەم وڵامت دامەوە. چۆنت زانی؟

ئەمڕۆ بەیانی لە ژووری یاری دەگەڵ" ئەنیشتەین" شەترەنجم دەکرد کە "گیپن" وەژوور کەوت و وتی:

- دایک و باوکت هاتوون وا لێرەن.
- دایک و باوکی من؟ شتیوا نابێ، ئەوان تەنیا ڕۆژانی یەکشەممە دێن.
- خۆم سەیارەکەیانم بینی، مەگەر جیبێکی سوور نییە؟
- وا هەر نییە.

شانێکم هەڵتەکاند و گوێم نەدایە و لە یاری کردنەکەم لەگەڵ ئەنیشتەیندا بەردەوام بووم، کە چی بیر و هۆشم لە شوێنکیتر بوو، هەر بۆیەش ئەنیشتەین یەک یەک و دوو دوو تێکڕای داشەکانمی خوارد. بەوەش هێندەی دیکە تێکچووم.

با ئەوەش بڵێم؛ بۆیە بەو هاوڕێیەم ناڵێن ئەنیشتەین چونکە لە ئێمەمانان زۆر ژیر و وریاترە، بەڵکوو لە بەر ئەوەیە کە سەری دوو هێندەی سەری مەمانانە، بە ئەنیشتەین بانگی دەکەین. دەڵێن سەری ئاوی هێناوە. هاتباو هەمووی مێشک بوایە حاڵمان شڕ دەبوو.

کە زانیم وا خەریکە یاری شەترەنجەکە دەدۆڕێنم ، هەروا جێم هێشت و لە گەڵ گیپن دا چوومە دیوەکەی ئەو کە پەنجەرەکانی دەڕوانێتە سەر پارکی ڕاگرتنی سەیارەکان. گیپن ڕاستی دەکرد، دایک و بابم هاتبوون.

خوایە! دایک و باوکم لەو نیزیکانە ناژین، هەر چەند تا لە ماڵەوە دەژیام هەستم پێنەکرد بوو. ئێستا کە لە ماڵەوە نەماوم دەزانم چەند دوورە،

ماویەکە ئیتر دایک و باوکم ناتوانن وەک جاران بێنە سەردانم و حەوتووی جارێک زیاتر نایان بینم، تەنیا ڕۆژانی یەکشەممە چونکە ئەوان کار ناکەن و منیش هەروا.

گیپن وتی:

- بینیت ڕاست دەکەم. ئێستا مزگێنی چم دەدەیەی؟
- شوگلاتی بە گوێزەوەم هەیە.
- هیچ شتی خۆشترت بەلاوە نییە؟
- نا
- ئەوەش خراپ نییە، بێنە دەی قەی ناکا.

هەڵبەت ئێمە بۆمان نییە خواردەمەنی بدەینە گیپن چونکە ئەو بۆیە لێرەیە کز و لاواز بێ و کێشی دابەزێ. نۆ ساڵی تەمەنە و نەوەد و هەشت کیلۆیە، باڵا و پانتاییشی وەک یەک وایە، واتە یەک و دە لە یەک و دە سانتیمدا هەڵکەوتووە. کراسوپانتۆڵی تایبەتی بۆ بەدروون دەدەن ئەگینا لە جلوبەرگی نەخۆشخانەدا جێی نابێتەوە .

بەڵام چیت لێوەشارم، من و هاوڕێکانم هەر خواردنێک لەخۆمان زیاد بێ دەیدەینە گیپن، چونکە هیچکاممان پێمان وا نییە کێشی دابەزێ و کە دەشبینین بەستەزمانە هەمیشە برسییە، بەزەییمان پێیدا دێتەوە. پارچە شوگلاتێک بە کوێی گیپنێکی ئەوها ڕادەگات،

ئەگینا دەبوایە پەرستارەکانیش لە دانی ئەم هەمووە شیافانە بە گیپن دەستیان هەڵگرتبایە.

چوومە ژوورەکەی خۆم و چاوەڕوانی دایک و باوکم بووم. لە سەرەتاوە لە بەر هەناسەسواری خۆم ئاگام لە تێپەڕبوونی چرکەکان نەبوو، بەڵام هێندەی من چاوەڕوانیم کرد دەبوایە تا ئێستا پازدە جار گەیشتبانە لای من.

پاش دەمێک چاوەڕوانی کە وەدیار نەکەوتن، زانیم دەبێ لە کوێ بن. بە ماتەماتە و بێ ئەوەی بهێڵم کەس پێمبزانێ بە دالانە دوورودرێژەکەی قاتی خۆماندا ڕۆیشتم و بە ئاسپایی چوومە قاتی خوارەوەتر و خۆم گەیاندە پشت دەرگای ژوورەکەی دوکتۆر دۆسڵدۆڕف.

چاکم هەڵێنابوو. دایکوباوکم لای دوکتۆر دۆسڵدۆڕف بوون و لە پشت دەرگاوە گوێم لێیان دەبوو.

ئەو ڕێگا دوورە! بڕستیان لێبڕیبووم، بۆیە دەمەساتێک وەستام تا پشووێکم بێتەوەبەر و

دڵەکوتەکەم هێور بێتەوە. هەر لەو دەمەساتەش‌دا بوو ئەوەی نەدبوایە بی‌بیستم، بیستم.

دایکم دەستی کرد بە نووکە نووک و دوکتۆر دۆسڵدۆڕڤیش پەیتا پەیتا دیگوت :

- ئەوەی لە دەستمان هاتووە کردوومانە .

باوکیشم لە کاتێکدا گریان ئەوکی گرتبوو، دەیگوت:

- دڵنیام دوکتۆر، دڵنیام.

وەک چەقە گوێچکەکانم بە لاولاوەی دەرگاکەوە نابوو، نەمدەزانی کاممان ساردترین، لاولاوە ئاسنەکە یان من.

گویم لێ‌بوو؛ دوکتۆر دۆسڵدۆڕڤ لێ پرسین؛

حەز دەکەن بچنە سەرێ و تاوێکی لەلای بن؟

دایکم وتی:

دڵم بڕوا نادا، لە خۆم ڕانابینم.

باوکم وتی:

ئۆسکار نابێ ئێمە لەم  وەزعە دا ببینێ.

کە ئەو قسانەم بیست، زانیم کە دایکوباوکم چەندە بێورە و بێجەرگن.

لەوەش خراپتر کە دووی بێ ورە منیشیان وەک خۆیان دەبینی.

لە ژوورەکەوە گوێم لە دەنگی جموجۆڵی کورسییان بوو، زانیم خەریکن بێنە دەرێ، لە تاوان یەکەم و نزیکترین دەرگام کردەوە و خۆم پێداکرد .

بەم شێوەیە بوو کە خۆم لە ناو دوڵابی گسک و خاکەنازاندا دیتەوە و هەموو ئەم سەر لە بەیانییە لەوێدا گیرم خوارد. خوایە؛ لام وایە نەزانی کە دەرگای دۆڵابی گسک و خاکەنازان تەنیا لە دەرەوەڕا دەکرێتەوە، وەک بڵێی ئینسانەکان پێیان وابێ ئەم گسک و خاکەنازانە پێ دەگرن و شەو کە داهات ڕادەکەن.

لەو کاتەدا بۆ من ناو دۆلاب و دەرەوە هیچ جیاوازێکی نەبوو، چۆنکە بەڕاستی تاقەتی بینین و هاودەمیی کەسم نەبوو و بەو قسانە کە بیستبووم، چەشنێک حەپەسا و سەرسووڕماو بووم کە ئیتر دەست وقاچەکانم گوێڕایەڵی من نەبوون.

بەرەبەری نانی نیوەڕۆیە هاتوهاوار پەیدابوو و هەموو لایەک تێکیان داویشت و پرسیاریان دەکرد و هەر کەسەش لەبەر خۆیەوە هاواری دەکرد:

ئـــــۆســـــکار! ... ئـــــۆســـــکار ... !

وڵامم نەدانەوە و کەیف خۆش بووم کە هەموو هاواری منیان دەکرد. لەودەمەدا حەزم دەکرد سەر بخەمە سەریان و گاڵتە بە هەموو دنیا بکەم.

بەرەبەرە چاوەکانم قورس ببوون و خەریک بوو خەو دەیبردمەوە کە گوێم لە خشپە خشپی پێڵاوەکانی دادە "نیدا"ی فەڕاش بوو کە لە دۆلابەکە نزیک دەبۆوە.

هەرکە دەرگای دۆڵابەکەی کردەوە هەر دووکمان لە ترسان پڕ بە دەممان قیژاندامان. دادە نیدا لە بەر ئەوە کە چاوەڕوانی دیتنی منی لە پاڵ گسک و خاکەنازاندا نەدەکرد، منیش لە بیرم چووبۆوە کە دادە نیدا ژنێکی وا ڕەشتاڵ، سەرقژن و چاوگلۆپییە.

بە بیستنی دەنگی من و دادە نیدا بوو بە هەڵلا و هەنگامەیەکی سەیر، دوکتۆر دۆسڵدۆڕڤ، پەرستارەکان، سەرپەرشتی بەشەکان و تێکڕای خزمەتکارەکانی دیکە کۆبوونەوە، دەتگوت جەغزیان لێکێشاوم. پێموابوو ئێستا حەیام دەبن و سەرکۆنەم دەکەن، کە چی بینیم فرمێسک لە چاویاندا قەتیس وەستاوە و هێزی بزەی سەرلێویان بەرگری لە هاتنە خواریان دەکات.

کە دەوروبەرم ئاوا بینی، هەلەکەم قواستەوە و وتم:

- حەزدەکەم دادە سووریێ ببینم.
- ئۆسکار ئەوە لە کوێ بووی؟ چۆنی؟
- حەز دەکەم دادە سووریێ ببینم.

- بۆ لە ناو ئەو دۆڵابەدا بووی؟
- خۆت لێگرتبووین؟
- حەز دەکەم دادە سووری ببینم.
- چیت گوێ لێبوو؟
- حەز دەکەم دادە سووری ببینم.
- ها، چۆڕێک ئاو بخۆوە.
- نــا، حەز دەکەم دادە سووری ببینم.
- هەر قومێک.
- نــا، حەز دەکەم دادە سووری ببینم.

لەوە پتر هیچم نەدەگوت و گوێم نەدەدا هیچ، بەس یەک دەنگ هاواری دادە سوورێم دەکرد.

دیار بوو دوکتۆر دۆسلدۆرڤ زۆر لە پەرستارەکان دڵمەند و تووڕە بوو کە باشاری منیان نەدەکرد، ناچار گوتی بزانن ئەم خاتوونە کێیە بۆی بانگ بکەن. کە دڵنیا بووم، دەگەڵیان چوومەوە ژوورەکەی خۆم و بۆ ماوەیەک خەوم لێکەوت.

کاتێک وەخەبەرهاتم، دادە سووری دەم بەبزەوە لە ژووری سەرم دانیشتبوو.

- دەستخۆش ئۆسکار، دەردت پێکردن و دەرسێکی باشت دادان. دەزانی ئێستا ئەوان ئێرەییم پێدەبەن.
- گوێیان مەدەیە.
- ئەوان هەموویان مرۆڤی باشن، زۆر باشن.
- بۆخۆیان باشن، بە من چی.
- بۆ وا تووڕەی، چی ڕووی‌داوە؟
- دوکتۆر دۆسلۆڕڤ بۆ دایک و باوکمی باس کرد کە وا من دەمرم، کە چی ئەوان هەروا ڕێگەی خۆیان گرت و ڕۆیشتن. بۆیە لێیان بێزارم.

خوایە، چۆنی بۆ تۆ دەگێڕمەوە ئاواشم ورد ورد بۆ دادە سووریٚ گێڕاوە.

دادە سووریٚ لەبەرە خۆیەوە همێکی کرد و وتی:

- هــم، ئەوە کێبەرکێکەی خۆمم لەگەڵ " سارا چەورەی بێتوێنیٚ" دەخاتەوە بیر. سارا چەورە زۆرانیگرێک بوو کە تەنیا لە شارەکەی خۆی واتە بێتوێن زۆرانی دەگرت و کاتی

زۆرانیگرتنیش تا ئەو جێگەیە بۆی لوابا جلوبەرگی وەلا دەنا و بە ڕووتی دەهاتە مەیدانەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکوو، تۆنێکیشی ڕۆن لە لەشی خۆی هەڵدەسوو و چەشنی مارماسی لووس دەبوو، بۆیەش حەریف هەر چی کردبای بۆی نەدەگیرا. بەم جۆرە هەموو ساڵێک "جامی قارەمانیەتی بێتوێنی" دەبردەوە. بەڵام بڕیارم دا کە بۆ جارێکیش بێ "جامی قارەمانیەتی بێتوێنێ" وەدەست بێنم.

- دەی دادە سووریێ چیت کرد؟
- کە سارا چەورە هاتە ناو مەیدانەکە، وەک هەمیشە لە بەر ڕۆنی زۆر دەبریسکایەوە، هەر کە هاتە ناوەوە ژمارەیەک لە برادەرکانم ئاردیان لێپڕژاند. جا بیری لێبکەوە ئارد و ڕۆن بە یەکەوە. ئێستا ئیتر لە دەستان خۆش دەهات. پاش چەند خولێدانێک بە دوەری یەکتردا، لەکاتێکدا هیچمان چاومان لەسەر یەک هەڵنەدەگرت لە شاڵاوێکدا کە بۆم برد، مەچەکی کەوتە بەردەستم و بێ یەک و دوو ڕامکێشا بۆ لای خۆم و دەستەکەی دیکەم لە

قەدی هاڵاند و هێندەی باوەشێکم لە دۆشەگەکە بەرزکردەوە و سووڕێکم پێدا. چەند چرکەیەک دواتر پشتی سارا چەورە دۆشەگی ماچ کردبوو و چوارپەڵ لێی تخێڵ بوو. لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر پێیان نەدەگوت مارماسی، بەڵکوو ناویان نا ئاردەماسی.

- بەڵام ببوورە، دادە سووری، تێناگەم ئەم بەسەرهاتە چ پەیوندیەکی بە کێشەکەی منەوە هەیە؟
- هەیەتی، ئۆسکار، هەموو کێشەیەک ڕێگاچارەی خۆی هەیە. لۆچێک ئارد لە هەموو شوێنێک دەسدەکەوێ. باشتر وایە بۆ خوا بنووسی ئەو لەمن زۆرتر دەزانێ.
- تەنانەت لەبارەی زۆرانوازیش؟
- بەڵێ، خوا تەنانەت لە سەر زۆران گرتنیش دەزانێ. تاقی بکەوە و حەوڵێک بدە. ئۆسکار بە چییەوە سەخڵەتی و تەنگەژەت چییە؟
- لە دایکوبابم بێزارم.
- جا کە وایە لە دڵەوە لێیان بێزار بە.
- بەڕاستیتە؟

- بەڵێ، بە تەواوی لێیان بێزار بە، ئەوکات بێ ئێش نابی و شتێکت دەبێ بکەی. ئەو کات دەزانی کە پێویست نەبوو وا خۆتی پێوە سەخڵەت کەی و ئەوەندەی نەدەهێنا. هەموو ئەوانە لە نامەکەتدا بۆ خوا بنووسە و داوای لێبکە سەردانێکت بکات.
- دەتوانێ بگەڕێ؟
- بە شێوەی خۆی بەڵام ڕاستییەکت بوێ، بەدەگمەن.
- بۆ؟ ئەویش نەخۆشە؟

بەو هەناسەیە کە دادە سووری هەڵیکێشا زانیم حاڵی تۆش باشنییە بەڵام ناخوازێ لە لای من بیدرکێنێ.

- وا هەبووە دایک و باوکت لە بارەی خوا دا لە گەڵتا دوابن؟
- لێی گەڕێ، دایک و باوکم گێژن.
- وایە بەڵام هیچکات بۆیان باس نەکردووی؟
- با، تاقە جارێک. ئەویش وتیان کە باوەڕیان پێی نییە. ئەوان تەنیا بڕوایان بە پاپا نوئێلە.
- ئۆسکار گیان، بەڕاستتە، هێندە گێلن؟

- هەر مەپرسە! جارێکیان کە لە فێرگەڕا گەڕامەوە و پێم وتن دەست لەو قسە بێبنەمایانە هەڵگرن و چیتر بە پاپانۆئێل، من و خۆیشیان هەڵنەخەڵەتێنن و ئێستا ئیتر من و هاورێکانم دەزانین پاپانۆئێلێک لە ئارادا نییە و درۆیە. زۆریان بەلاوە سەیر بوو و وەک لە ئاسمانڕا بەربووبنەوە، دەمیان داچۆڕا و دەستیان کرد بە سوێندخواردن کە مەبەستیان هەڵخەڵەتاندنی من نەبووە و بە ڕاستی پێیان وابووە کە هەیە و ئێستاش زۆر بەداخن. بە بیستنی ئەم ڕاستییە زۆر بەداخ بوون. جا خۆت سەیر کە بزانە ئەم دووانە چەند گێلن.
- یانی بڕوایان بە خوا نییە؟
- نەخێر.
- باشە بۆت نەبوو بە پرسیاری ترەوە بە دوایدا بچی؟
- ئەگەر مرۆڤ دەربەستی قسە، بیر و کردەوەی هەر گێل و حوڵێک بێت، دەرفەت بۆ وردبوونەوە لە بیر و کردەوەی باش نامێنێ.

- خۆ ڕاست دەکەی. بەڵام لە قسەی ئەو دایک و باوکە گەمژەیەت، وەک بۆخۆت دەڵێی.
- بەڵێ گەمژە!
- ئەگەر لات وایە دایک و باوکت لە هەڵەدان و بڕوایان بە خوا نییە، تۆ بۆ بڕوات پێی نییە و داوای لێناکەی بێ سەردانێکت بکات؟
- باشە، بەڵام نەتگوت نەخۆشە و لە جێدا کەوتووە؟
- نا. ئەو بۆ سەردان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو سەردانی فکر و بیرەکانی تۆ دەکات.
- ئەوەم زۆر بەدڵ بوو، قانەقدیلەم دەهات .

دادە سووریێ بەردەوام بوو و گوتی:

- جا ئەوە دەشبینی ئەو سەردانەی خوا شوێنەواری باشی لەسەر تۆ دەبێ.
- باشە، لە گەڵی دەدوێم. بەڵام دادە سووریێ، تا ئێستــا ئەوە سەردانەکانی تۆیە کە شوێنەواری باشیان لەسەر من هەیە.

دادە سووریَ بزەیەکی هاتیَ و دەمی هیَنا کولَمەکانم ماچ بکات، دوودلَ بوو، لە ڕوانینەکەی ڕا خویَندمەوە کە ئیزنم لیَدەخوازیَ.

گوتم:

بە حەزی خۆت بکە، ماچیَکم بکە. بۆ کەسی ناگیَڕمەوە، نەکا بۆ ناو و ناوبانگی زۆرانیگرییەکەت باش نەبیَ.

کە کۆلمەکانی ماچکردم، دلَگەرم و شاد بووم، هەرچەند کە بۆنی سووراوسپیاو و سابوونەکەی گەلیَک توند بوو.

پرسیم:

- دادەسووریَ، کەی دەگەڕییەوە بۆ لام؟
- من ئیزنم هەیە تەنیا حەوتووی دوو جاران بیَم.
- دادە سووریَ شتی وا نابیَ، من ناتوانم سیَ ڕۆژان چاوەڕوان بم .
- بەلاَم یاسا و ڕیَساکە وایە.
- کیَ ئەو قانوونانە دادەنیَ؟

- دوکتۆر دۆسلْدۆڕڤ.

گوتم:

جارێ دوکتۆر دۆسلْدۆڕڤ هەر کە من دەبینێ ڕەنگی بە ڕوویەوە نەماوە. بچۆ داوای لێ بکە با ئیزنت بدا. بە ڕاستیمە دادە سووریێ بچۆ پێی بڵێ.

دادە سووریێ چاوێکی گوماناوی لێکردم.

- لە دڵەوە دەڵێم، ئەگەر هەموو ڕۆژێ نەیەی سەرم بدەی منیش نامە بۆ خوا نانووسم .
- حەول دەدەم.

دادە سووریێ ڕۆیشت و منیش دەستم کرد بە گریان.

تا ئێستا نەمدەزانی تا ئەو ئاستە پێویستیم بە یارمەتی هەیە. بۆم دەرکەوت ئێستا بۆ خۆم بە برینی خۆم نەزانیبوو کە چەندە نەخۆشم. بیری ئەوە کە جارێکی تر دادە سووریێ نەبینمەوە لە سەر دڵم قورسایی دەکرد، ئەمەشم بە فرمێسک دەهێنایە ڕوو.

بەختی خۆم پێڕاگەیشتم بەر لەوەی دادە سووریێ بگەرێتەوە لام، هێور ببمەوە .

کە دادەسووریێ گەڕایەوە، بزەی لە سەر لێوان بوو و گوتی :

- جێبەجیێ بوو. بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژان ئیزنم هەیە هەموو ڕۆژیێ بێمە سەردانت.
- هەر لای من و کەسیتر؟
- هەر تۆ ئۆسکار، کەسیتر. دوازدە ڕۆژان.

نازانم چ بوو، چیم بە مێشک داهات کە فرمێسکەکان گەڕانەوە و دەستم کرد بە لەرزین.

هەڵبەت دەزانم کە کوڕ نابیێ بگرین، ئەویش بە تایبەت منی سەرهێلکە کە دیار نییە کوڕم یان کچ، بەو سەروسەکوتە تاشراوەوە زۆرتر وەک ئەوە دەچیێ لە ئەستێرەیەکی دیکە ڕا هاتبم. بەڵام چی لەگەڵ نەدەکرا، خۆم بۆ ڕانەدەگیرا. بەدەم گریانەوە پرسیم:

دوازدە ڕۆژ؟ دادە سووریێ وەزعم هێندە خراپە؟

ئەویش چاوەکانی لێڵ و وێڵ ببوون. ها ئێستا ها تاوێکیتر دەس بکات بە گریان، بەڵام دیار بوو زۆرانیگری بە ناوبانگ پێشی هاتنە خواری فرمێسکەکانی دەگرت. دیمەنێکی سەیر بوو، بردمییە دونیای بیر و خەیاڵاتەوە. بە دەنگی دادەسووریَ هاتمەوە خۆ کە پرسی:

- ئەمڕۆ چەندی مانگیَیە، ئۆسکار؟
- ئەوە باسی چی دەکەی؟ ڕۆژژمێرەکە نابینی؟ ئەمڕۆ نۆزدەی دیسامبرە.
- ئۆسکار لەو مەڵبەندەی من لێیەوە دێم باو بوو دیانگوت لە دوازدە ڕۆژی کۆتایی ساڵدا مرۆڤ دەتوانیَ مەزەندەی چۆنیەتی دوازدەمانگەی ساڵی داهاتوو بکات و بزانیَ کە چۆن دەبێت. واتە هەر ڕۆژێک نوێنگەی بچووککراوی یەک لە مانگەکانی ساڵی داهاتوویە. ڕۆژی نۆزدەی مانگی دیسامبر واتە ئەمڕۆ دەبێتە مانگی ژانویە، بیستی دیسامبر دەبێتە مانگی فێوریە و بەم چەشنە

تا دەگاتە سیٖویەکی دیسامبر کە دەبێتە نوێنگەی دیسامبری ساڵی داهاتوو.

- بەڕاستتە؟
- ئەفسانەیە. ئەفسانەی فاڵی دوازدە ڕۆژە. حەز دەکەم من و تۆ ئەم یارییە بە یەکەوە بکەین. لە ڕاستیدا تۆ ئەم یارییە دەکەی. واتە لەمڕۆ ڕا وابزانە هەر ڕۆژێک بارتەقای دە ساڵانە.
- دە ساڵ؟
- بەڵێ، یەک ڕۆژ بەرانبەری دە ساڵ.
- واتە تا دوازدە ڕۆژی دیکە دەبم بە سەت و سی ساڵ!
- ڕاست وایە، پێت چۆنە!

دادە سووریٚ ماچێکی کردم و ڕۆیشت .

خوایە وەک دەبینی من ئەمڕۆ سەر لە بەیانی، بێ ئەوەی بە خۆم زانیبێ، لە دایک بووم، دەوروبەر کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ کاتێک بوومە پێنج ساڵ لە خۆم گەیشتم. بەڵام هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەرم نەبیستووە. ئەمشەو، ئێستا کە بوومە دە ساڵ، باشتر

چاکە وخراپە لێکدەکەمەوە. تا لە بیرمە با داوایەکت لیٚبکەم. ئەمجار ئەگەر شتێکت هەبوو پێم بڵێی وەک ئەوەی ئەمڕۆ سەعات دوازدە، کاتێک پێنج ساڵانە بووم، لەسەرەخۆ بە و وەک ئەمڕۆ پەلەی مەکە. سوپاس .

تا بەیانی ماڵاوا

ئۆسکار

تا لەبیرمە با داوایەکی دیکەت لیٚبکەم هەر چەند دەزانم بۆم نییە ڕۆژیٚ لە داوایەک زۆرترم هەبیٚ، بەڵام ئەمەیان لە ڕاستیدا داوا نییە بەڵکوو ئامۆژگارییە؛ پێم ناخۆش نییە و حەزدەکەم سەردانێکی بچووکم بکەی لەو سەردانانەی بە مێشک دادێن، مەمنوونیش دەبم. هەموو ڕۆژیٚ نێوان هەشتی بەیانی تا نۆی شەو بۆت هەیە بێیە سەردانم، پاشان دەخەوم، وا هەیە بە ڕۆژیش بە هۆی ئەو دەرمانانە کە دەمدەنیٚ چاوێک گەرم کەم، بەڵام دەتوانی بەخەبەرم بێنی. لەوانەیە

تۆش کارت زۆر بێ با دەرفەت لە کیس نەدەین. مەگەر نا؟

ئەم کاتە باش خوا!

ئەمڕۆ بە قۆناخی مێرمنداڵیدا تێپەڕبووم، کارێکی ساکار و خۆش نەبوو. پەککوو لەو هەمووە گێرە و کێشەیە!

لە گەڵ هاوڕێکانم و دایک و باوکم تووشی کۆمەڵێک کێشە و دەمەقاڵە بووم و هەمووشی لە سەر کچان بوو. ئەمشەو هاتوومەتەوە سەرەخۆ و شاییم بە خۆمە کە بوومە بیست ساڵ. ئەم قۆناخی خۆناسینە گەلێک پڕ کێشە و ناخۆشە، بەڵام هەر شەیتان بە پیاو پێبکەنێ خۆشترە لە ئادەمیزاد.

خوایە، تا لە بیرمە با گلەیی بێ بەڵاتەوە کە نەهاتییە سەردانم، وێش ناچی هاتبی و نەمبینی بی. چونکە وەک وتم بە هۆی شەڕ و کێشەی سەردەمی لاوەتی زۆر کەم خەوتووم و تەنانەت پێشم گوتبووی ئەگەر هاتی و لە خەو دابووم بەخەبەرم بێنە .

سەر لە بەیانی کە لە خەو هەستام، دادە سووریێ لەبن سەرم ئامادە بوو. کاتێ نانی بەیانیمان دەخوارد، دادە

سووریێ باسی کێبەرکێکەی خۆی دەگەڵ "دەمبۆگەن" بۆ گێڕامەوە:

دەمبۆگەن زۆرانیگرێکی بلژیکی بوو کە لانی کەمی خواردنی ڕۆژانەی سێ کیلۆ گۆشتی کاڵ بوو و هەموو جەمێکیش دەبەیەکی گەورەی بیرە بە سەردا دەکرد. بۆگەنی ترشاوی ناو گەدەی کە لە باتی بە کونی ژێرەوەدا دەربچێ بە دەمیدا دەریدەدا، بەهێزترین چەکی ئەو بوو؛ کە حەریفی وەبەرهاتبا گێژی دەکرد و زۆر بە خێرایی دۆشەگی پێ ماچ دەکرد .

دادە سووریێ بەردەوام بوو و گوتی:

ئەوەی منی سەخڵەت کردبوو بۆگەنی زاری دەمبۆگەن بوو نە شان و باهۆی. بۆ ئەمەش دەبوایە چارەسەرێک بدۆزمەوە کە ئەم چەکەی دەمبۆگەن کارم لێنەکا. هێنام دەمامکێک کە بە بۆنی مێخەک و گیاکێوی خۆشکرابوو بە سەر خۆم کێشا و چوومە ناو مەیدان، ئیتر شام بە سەپانی خۆ نەدەزانی. واتە بۆ

زۆرانیگرێکی سەرکەوتوو، مەرج هەر ماسوولکە نییە بەڵکوو مێشکیشی پێویستە .

کە تەواو بوو پرسی:

- ئۆسکار کێت خۆشدەوێ؟
- لێرە لە نەخۆشخانە؟
- بەڵێ.
- چزیلک، ئەنیشتەین و گیپن.
- ئەی لە کچەکان؟

چاوەڕوانی پرسیارێکی وەوتۆ نەبووم. هەوەڵ حەپەسام و پاشانیش حەزم نەدەکرد وڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، بەڵام دادە سووریێ هەروا چاوەڕوان بوو و گوێی هەڵخستبوو. بیرم کردەوە خۆ لە هەمبەر زورانیگرێکی بە ناو و ناوبانگی جیهانییەوە، ناکرێ هەتا سەر گەمژە بنوێنم و دەم داچەقیو وەمێنم. گوتم:

پێگی بلۆ،

پێگی بلۆ کچێکی شینه که له ژووری بنه‌بانی کۆریدۆره‌که‌ماندا ده‌ژی. کچێکی لێوبه‌خه‌نده به‌ڵام که‌مدوێ، وه‌ک په‌ریله‌یه‌ک ده‌چێ که بۆ حه‌سانه‌وه لێره له نه‌خۆشخانه لای دابێ. که‌چی ئه‌و نه‌خۆشیێکی ئاسته‌می هه‌یه که پێی ده‌ڵێن سیانوس. که‌موکۆڕی‌یه‌ک له خوێنی‌دا هه‌یه و خوێن به چه‌شنی پێویست ناگاته سییه‌کانی، هه‌ر له به‌ر ئه‌مه‌ش گشت له‌شی شین هه‌ڵده‌گه‌رێ.

پێگی چاوه‌نواڕی نه‌شته‌رگه‌رییه‌که بۆی بکه‌ن تاکو بتوانن سووری هه‌ڵگێڕنه‌وه، که من پێم حه‌یفه، چونکه به‌دڵی من پێگی به‌م ڕه‌نگه شینه‌وه زۆر شیرێن و له سه‌ر دڵانه. کاتێک لێی نزیک ده‌بێوه، هێدی، هێمن و نوورانییه.

- پێت گوتووه که خۆشت ده‌وێ؟
- هیچ ته‌مام نیه لێی وه‌ژوور که‌وم و بڵێم پێگی من تۆم خۆشده‌وێ.
- با ، بۆ نا؟
- خۆ له وانه‌یه هه‌ر نه‌شزانێ من هه‌م.

- جا هەر لە بۆیە گوتنی پێویستە.
- هیچ سەیری سەروسەکوتی منت کردوە؟ وەک بنیادەم نەبێ وەک هەموو شتێک دەچم.
- بە پێچەوانە، من پێموایە تۆ زۆر قۆزی .

ئەم قسەیەی دادە سووریێ دەمەتەقەکەی بۆ دەمێک وەستاند. بیستنی ئەم قسەیەم هێندە پێخۆش بوو کە مچۆرکێکم پێداهات و نەمدەزانی چۆنی وڵام بدەمەوە .

- دادە سووریێ من حەز ناکەم پێگی تەنیا گیرۆدەی باڵا و ڕواڵەت و ڕوومای من بێت.
- خۆت بەرانبەر بە ئەو چ هەستێکت هەیە؟
- من حەز دەکەم ئەو لە هەمبەر جندۆکەکاندا بپارێزم.
- چۆن؟ بۆ لێرە جندۆکە هەیە؟
- بەڵێ، هەموو شەوێ لە خەو بەخەبەرمان دێنن، کە لێشمان هەڵدەقورینجێنن زۆر بە ئێشە و لێشیان دەترسێن، چونکە نابیندرێن. ئیتر خەو لە چاومان دەزڕێ.
- زۆر جار لە دەست جندۆکان وەئامان دێی؟

- نا، خۆم نا، من قورس دەخەوم. بەڵام هێندێک شەوان گوێم لێیە کە پێگی بلۆ دەقیژێنی. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئەوم پاڕاستبایە.
- دەی بچۆ لای و پێی بڵێ
- بەڵام ناتوانم تەنانەت ئەگەر بشخوازم. چونکە بە پێی یاسای ئێرە شەوانە بۆمان نییە لە ژوورەکانمان دەربچین.
- بەڵام دڵنیام کە جندۆکەکان شارەزای یاساکانی ئێرە نین. هێندێک زیت و وریا بە! ئەگەر جندۆکەکان ببیستن بە پێگی بلۆ بڵێی پارێزگاری لێدەکەی و ئێشکچی دەبی، ئیتر ئەمشەو ناوێرن بێن .
- ئا ..... تۆ بڵێی...
- ئۆسکار ئێستا چەند ساڵی؟
- نازانم، کاتژمێر چەندە؟
- کاتژمێر دەیە، بە زوویی دەبی بە پانزدە ساڵ، پێتوانییە کاتی ئەمە هاتووە بوێر بی و هەستەکانی خۆت نیشان بدەی؟

کاتژمێر دە و نیو قەراری خۆم دا و بەرەو ژوورەکەی کەوتمە ڕێ. دەرگای ژوورەکەی لە سەر پشت بوو. گوتم:

ئەم کاتە باش پێگی! منم ئۆسکار.

لە سەر جێگەکەی پاڵکەوتبوو. وەک بەفرین کە چاوەڕوانی شازادەیە، بەڵام خڕناڵە گەمژەکان لایان وایە ئەو مردووە. وەک بەفرین، بەڵام ئەمجارەیان نەک سپی بەڵکوو شین دەنوێنێ.

ئاوڕێکی لێدامەوە، نەمزانی بە شازادەم دەشوبێنێ یان خڕناڵ. من لە جیاتی ئەو بوایەم؛ خۆم، ئەم سەرهێلکەیەم هەر بە خڕناڵ دەشوباند. بەڵام ئەو چی نەگوت و ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی پێگی‌یە کە قەت هیچ ناڵێت و نەگوتراوەکان وەک ڕاز دەمێننەوە.

- هاتووم پێت بڵێم ئەگەر بخوازی ئەمشەو و هەموو ئەو شەوانەی دیکە کە دادێن ئێشکچی بەر دەرگات دەبم و لە جندۆکەکان دەتپارێزم.

سەیرێکی کردم و چاوێکی لێداگرتم. دەتگوت فیلمە و بە دەوری هێواش نیشان دەدرێ، هەناسە کیشان خۆشتر و سووکتر ببوو. بێدەنگی لە جاران بێدەنگتر، دەتگوت لە سەر هەوران دەڕۆم. کاتێک لە تەختی خەوەکەی کە بە نوورێکی نادیار رووناک ببۆوە، نزیک بوومەوە لە ناکاو گوێم لە دەنگێکی گڕ بوو؛

- سەرهێلکە بوەستە! ئەوە منم ئێشکچی پێگی، نەک تۆ.

بە بیبینی جەستەی گەورەی گیپن کە شیپانەی دەرگای پڕ کردبوو، لەرزیم. ڕاستی دەکرد، بە دەگمەن خێو یان جندۆکەیەک دەیتوانی لەم جەستە زەبلاحە نزیک ببێتەوە.

گیپن چاوێکی لە پێگی داگرت و گوتی:

- مەگەر وانیە پێگی؟ ئێمە دوستین، من و تۆ؟

پێگی سەیری میچی ژوورەکەی کرد و گیپنیش ئەمەی بە وڵامی ئەرێنی وەرگرت و منی لە ژوورەکە کردە دەرەوە و گوتی:

- دۆستە کچت دەوێ بچۆ بۆ لای ساندرینا. پێگی گیراوەتەوە.
- کێ ئەم مافەی داوە بە تۆ؟
- من پێش تۆ بووم. ئەگەریش ناقایلی با بە زۆرانی و لێدان دیاری بکەین.
- نا پێویست ناکات، قایلم.

هەستم بە هیلاکی دەکرد، چوومە ژووری یاری. پێتوایە کێی لێبوو، ساندرینا! ساندریناش وەک من سەرەتانی هەیە بەڵام داو و دەرمانەکان بۆ ئەو یارمەتیدەر بوون. لێرە پێی دەلێین "کچە چینی" چونکە بەو قژکلاوە ڕەشەی سەری کە وا ڕێک هاتۆتە خوارێ و بەم دوو گلە موویەی ناوچاوانی، وەک کچی چینی دەچێت.

سەیرێکی من کرد و پۆرگی بنێشتی ناو دەمی تەقاند و گوتی:

- ئەگەر حەزت لێیە دەتوانی ماچم بکەی.
- بۆ لە بەرچی؟ بنێشتی ناودەمت باشارت ناکات؟

تێمڕاخوڕی و گوتی:

- دڵنیام ناتوانی هیچ وپوچ. دڵنیام کە قەت کچێکت ماچ نەکردووە.

- ئۆی، وەختە دڵم لە خۆ بێتەوە، دڵنیا بە نەک جارێک بەڵکوو زۆر جارم کردووە، من پازدە ساڵم.

بە سەر سوورماوییەوە پرسی:

- ئەتۆ و پازدە ساڵ!؟
- سەیرێکی سەعاتەکەم کرد و گوتم:
- بـــەڵــــــــــێ پازدە و برێکیش.
- بەردەوام ئەمە یەکێک لە خەونەکانم بووە کە کوڕێکی پانزدە ساڵە ماچم بکات.
- بەڵـــێ، کەم ئیشتیاش نی.

کە من وامگوت، لێو و لیچێکی ناشیرینی لێ بادام. لێوەکانی کردە خونچە وەک ئەوانەی بە جامی پەنجەرەیەوەی دەنێن. زانیم کە چاوەڕوانە ماچی بکەم.

لێ چوومە پێش و ماچم کرد کە چی وەک چەقە پێمەوە نووسا و بەری نەدەدام و لە دەستانی ڕزگاریم نەدەهات. دەم و لووتم تەڕ ببوو و لە ناکاو بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بنیشتەکەی دەمی خۆی، هاویشتە ناو دەمم و منیش حەپەسام، یەکڕاست قووتم دا. ئیدی لە دین دەهری بووم.

هەر لەو دەمەدا یەکێک دەستی خستە سەرشانم. بێ بەختی هیچکات بە تەنیا نایەت و دەستە خوشکیشی بە دواوەیە. دایک و باوکم!

هەر لە بیرم کردبوو کە ئەمڕۆ یەکشەممەیە.

- ئۆسکار! حەز ناکەی دۆستە کچەکەتمان پێبناسێنی؟
- ئەوە دۆستە کچی من نیە.
- با واش نەبێ. ناتوانی بیناسێنی؟
- ساندرینا، دایک و باوکم، . ساندرینا.

ساندرینا وەک نە بای هاتبێ و نە بۆران زۆر ژیرانە گوتی:

زۆر شادم بە ناسینتان.

لە کاتێکدا من وەختە لە داخانی شەق بەرم، کرابایە دەستم لە تینتینۆکەی دەنا. پرسییان حەز دەکەی ساندریناش دەگەڵمان بێ بۆ ژوورەکەت؟

گوتم: نەخێر ساندرینا لێرە دمێنێتەوە.

کاتێک گەڕاینەوە بۆ ژوورەکەی خۆم هەستم بە تۆسقاڵێ هیلاکی دەکرد، هیچ حەزیشم لێ نەبوو قسەیان دەگەڵدا بکەم، بۆیە سەرخەوێکم شکاند .

کە بەخەبەر هاتم ئەمجارەش وەک هەمیشە دایک و باوکم دیارییان پێدام. لەو کاتەوە هاتوومەتە نەخۆشخانە دایک وباوکم ئیتر بە سانایی قسان ناکەن بەڵکوو بە هێنانی دیاری و خوێندنەوەی ڕێوشوێنی یاریکردن بە دیارییەکان پاش نیوەڕۆ تاقەتپروکێنەکانی یەکشەممان دەبەینە سەر. باوکم وا سەر دەباتە ناو خوێندنەوەی پسوولەی یارییەکان تەنانەت ئەگەر بە زمانی تورکی و یان مەغوولیش بێت.

بەم چەشنە لە بە فیرۆ دانی پاشنیوەڕۆیانی ڕۆژانی یەکشەممە بە یەکەم دەرچووە.

ئەمڕۆ دەگەڵ خۆی جیهازێکی گوێگرتنی سی‌دی بۆ هێنابووم. هیچ دژایەتییەکەم لەگەڵ ئەمەیان دەرنەبڕی ئەگەر چی بە تەما بووم.

پرسیم:

- دۆینێ لێرە بوون؟
- دۆینێ؟ نـــــا، چۆن؟ ئێمە تەنیا ڕۆژانی یەکشەممە دەتوانین بێین. بۆ دەپرسی؟
- کەسێک سەیارەکەی ئێوەی لە بەردەم نەخۆشخانە بینی بوو.
- سەیارەی جیبی وەک هی ئێمە زۆرە، خەڵک وەخت و بێ وەخت سەیارە دەگۆڕن.
- ئـم، حەیف گۆڕینی دایک و باوک وا بە سانایی نییە .

بەم قسەیە مڕتەقم لێبڕین و پاشان سی دی یەکەم خستە سەر و بێ پشوودان دوو جاران لە سەر یەک

له بەر دەمیاندا گوێم بۆ"گوێزشکێن" ڕاگرت. با بیخۆن و گۆڕی گیانیان بێت.

- حەزت لە چیرۆکی" گوێزشکێن" هەیە؟
- بەڵێ، ماندووم.

تێگەیشتن کە باشتر وایە بڕۆن. لە ڕواڵەتیان ڕا دیار بوو دڵەڕاوکێیانە و نیگەرانن. نەیاندەتوانی بڕیار بدەن. هەستم کرد دەیانهەوی شتێک بڵێن، بەڵام ناتوانن. گۆڕی گیانیان بێت با بیچێژن.

پاشان دایکم لە ئامێزی گرتم و توند توند بە خۆیەوە گوشیم و بە دەنگێکی تێکەڵ بەگریان گوتی:

- خۆشم دەوێی ئۆسکاری بچکۆلە، زۆر زۆرم خۆشدەوێی.

لە سەرەتا دا بە تەما بووم نەهێڵم لە ئامێزم بگرێ بەڵام لە ئاخر چرکەدا خۆم بۆ شل کرد و لێیگەڕام لە باوەشم بگرێ. ئەم باوەشە سەردەمایەکی وەبیر هێنامەوە کە بێ دڵەڕاوکێ لە باوەشی دەگرتم و بە بێ شلەژان پێیدەگوتم: خۆشم دەوێی.

لام وایە لە ئامێزی دابووم خەوم لێکەوتبێ.

بەڕاستی دادە سووڕێ باش دەزانێ کەی دەبێ لە بن سەرم بێ. کە لە خەو هەڵدەستم. هەموو کات کە چاو دەکەمەوە ئەو بە پێکەنینەوە لە بن سەرمە.

- دایک و باوکت چۆن بوون؟
- وەک هەمیشە بێکەڵک. هەر چەند "گوێزشکێن"یان بۆ هێنابووم.
- گوێزشکێن؟ سەیرە. من دەستەخوشکێکم بەم ناوە هەبوو. زۆرانکارێکی بلیمەت. کە ملی حەریفی کەوتبایە نێو ڕانەکانی کرتەی لێدەهێنا. دەی لەگەڵ پێگی بلۆ قسەت کرد؟
- هەر باسی مەکە. ئەو دەزگیرانی گیپنە.
- بۆخۆی پێی گوتی.
- نا بەڵام گیپن.
- ئەی ئەم ساختەچییە!
- نا وا نییە. پێگی ئەوی لە من خۆشتر دەوێ. ئەو لەمن بە هێزترە و لەمن باشتر دەبێت.

- هەی لەو ساختە چییە، بڕوام پێبکە! منیش وردیلە بووم، لە چاو ئەو زلە زلانەی کە دەتگوت فیلن، وەک مشکێک وابووم. تۆ تەنیا بیر لەو ئیرلەندییە بکەوە کە بە زگی برسی و بە تای دەرپێیەکەوە سەتوپەنجا کیلۆی کێش بوو. هەر لا سمتێکی بە قەت ڕانی من دەبوو. ڕانیش چ ڕان، دەستی منییان لێ نەدەگەیشتەوە. بڕوات بێ کەمەری نەبوو دەستت لێی گیربێت.
- دەی ئەدی چیت کرد؟
- هیچ..، شتێک دەستی لێیگیر نەبێ خڕە و کە خڕیش بوو، باش دەخولێتەوە. لێگرام ماوەیەکی چاک لە گۆڕەپانەکەدا بە دوامدا ڕابکات، بێ ئەوەی خۆ بە دەستەوە بدەم. کە باش هیلاک بوو زۆر بە سانایی خستمە سەرپشت. کە کەوت ئیتر هەستانەوەی نەبوو مەگەر بە .جەرسەقیل.

ئۆسکارە بچکۆلانەکەم ڕاستە وردیلەی و ماسولکەکانت وا بەرچاو نینە. بەڵام خۆ ئەوە تەنیا ئێسقان و ماسولکە نییە کە دڵی جوانێک

دەبات، دڵیشی دەوێ. ئەویش ئەتۆ دلێکی گەورەت هەیە.

- مـــ..ن؟
- بچۆ بۆ لای پێگی و چیت لە دڵ دایە پێی بڵێ.
- تۆزێک هیلاکم.
- هیلاک؟ تەمەنت چەندە ئێستا؟ هەژدە؟ هەژدە ساڵەیەک هیلاکی نازانێ.

دادەسووری دەزانێ چ بلێت تا وزە و ورە وەبەر یەکێک بنێ.

شەو داهاتبوو و دەنگەکان لە تاریکیدا بەرزتر بوون و ڕووناکی مانگەشەو لە بەردە مەڕمەڕەکانی دالانەکەدا خۆی دەردەخست.

چوومە ژوورەکەی پێگی دەستم ڕاداشت و گوتم هانێ دەتوانی گوێ لە ســـــیدی" سەمای کلو بەفرەکان" بگری. ئەوندە خۆش و جوانە کە من گوێی بۆ دەگرم، بیر لە تۆ دەکەمەوە.

پێگی گوێی بۆ ئەم پارچە مۆسیقایە ڕاگرت. پێدەکەنی وەک بڵێی سەمای "واڵسە"، کۆنە هەواڵێکە و بیرەوەرییە خۆشەکانی بە گوێدا دەچرپێنێ.

سی دی کەی دامەوە و گوتی:

- ئای کە خۆش و دڵگیر بوو.

ئەمانە یەکەم وشەکانی ئەو بوون. وەک یەکەم وشە خراپ نییە. مەگەر نا؟

گوتم:

- پێگی بلۆ! حەزدەکەم پێت بڵێم پێمخۆش نییە نەشتەرگەریت بۆ بکرێ. تۆ هەروا کە هەی جوانی. ڕەنگی شینیت زۆر لێدەکاڵێتەوە.

بە ڕوونی دیار بوو کە بە قسەکانم کەیف خۆش بوو. دیارە من دەگەڵی سەرڕاست بووم لە خۆمەوە وام نەدەگوت. ئەمەش هۆی سەرەکی دڵخۆشی ئەو بوو.

- ئـــۆسکار حەز دەکەم تۆ لە هەمبەر خێوەکاندا بمپارێزی.

- گوتم : ئەرخەیان بە.

ئای چ شاییەکەم بە خۆم بوو، هەست بە "براوەیی"چەند خۆشە.

لە ناکاو گوتی:

- ماچێکم بدەیە

ئەم ماچوموچە بۆ کچان پرسێکی گرینگە و وەک پێداویستێک سەیری دەکەن. بەڵام بە پێچەوانەی "کچە چینی"، پێگی ئاڵۆز نییە. بە ئاسپایی گۆنای هێنایە پێشێ. مالم خراپ نابێ ئەگەر بلێم؛ کە ماچم کرد هەستم بە گەرمایەکی خۆش کرد.

- شەوخۆش پێگی!
- شەوخۆش ئۆسکار!

ها خوایە، ئەوە بەسەرهاتی ئەورۆی من بوو. دەشزانم هەرەتی لاوەتی بە سەردەمی بێعاری ناوبانگی کردووە. سەردەمێکی چەتوون و سەختە. بەڵام هەر ئەوندەی دەوامە تا دەبیتە بیست ساڵ.

ئەمەش داخوازی ئەمڕۆ، من دەخوازم دەگەڵ پێگی ژیانی هاوبەش پێک بێنم. ناشزانم ئەم شووکردن و ژنهێنانە هیچ پەیوەندییەکی بە کاروباری ئێوەوە هەیە یان نا، دەتوانێ مرۆڤ داوای لەم چەشنەش واتە ژن و ژنخوازی لە ئێوە بکات؟ ئەگەر ئەم چەشنە داخوازیانەتان پێ جێبەجێ ناکرێ و لە هەگبەتان دا نییە خێرا وڵامم بدەوە تا داواکەم بۆ کەسی خۆی بنێرم.

ناخوازم پەلەت لێبکەم و تووشی پەلە و دڵەڕاوکێت بکەم. بەڵام منیش کاتێکی زۆرم نییە.

واتە زەماوەندی پێگی و ئۆسکار ئا یان نا؟ بزانە ئەگەر بۆت جێ بەجێ بێ زۆر باش دەبێت.

تا بەیانی ماڵاوا

لە ئامێزت دەگرم

ئۆسکار

ئەرێ ئادرەسەکەت چ بوو؟

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

سەلام خوایە!

وا بەم چەشنە ئەمڕۆ ٢١ی مانگی دیسامبرە. ئەوە وا خەریکە لە سی ساڵەیی نزیک دەبمەوە و زەماوەندیشم کردووە. سەبارەت بە منداڵیش پێگی و من بڕیارمان داوە جارێ دەست ڕاگرین. وای بۆ دەچم جارێ پێگی ئامادەیی نەبێ.

ئەمشەو ڕوویدا.

شەو کاتژمێر یەک بوو گوێم لە دەنگی گریانی پێگی بوو هەستام لە سەر جێگەکەم دانیشتم . جندۆکەکان هاتبوون ئازاری پێگی بلۆیان دەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە بەڵێن وایە من بیپارێزم. بە دڵنیایەوە ئێستا پێگی دەڵێ چەند کوڕێکی بێ بڵێنم و تازە قەت نامدوێنێ. ناحەقیشی نییە.

لە جێگەکەم هاتمە دەرێ و بەرەو دەنگەکە چووم. کاتێک چوومە ناو ژوورەکەی پێگی بینیم وا لە سەر جێخەوەکەی دانیشتووە و بە سەرسوورماوییەوە سەیرم دەکات. دەبێ منیش حەپەسا بووبم چونکە لە

ناکاو پێگی شێنم بینی بە دەمی بەستراوەوە لەمن وڕما بوو کە چی من ئێستاش دەنگی قیژەم هەر دەبیست.

بەردەوام بووم تا دەرگای ژووری پەناشی ڕۆیشتم تا ئینجا زانیم کە ئەوە چزیلکە لە بەر ژانی برین و سووتاوەکانی دەناڵێنیَ. کە ئەمەم بینی بۆ چرکەیەک شەرمم لە کردەوەی خۆم کرد. ئەو کاتەی کە وا ئاگرم بەردەدایەماڵەوە و سەگ و پشیلە. تەنانەت ماسییەکانیش برژان و یان لە ئاوەکەدا کوڵان. تێگەیشتم دەبێ چ ئازارێکیان چێشت بێ. بە لانێکیشدا دەڵێم باش بوو کە تووشی ئێرە نەبوون. ئەگینا لێرە ئەوانیش بەردەوام ئەم ئازارەی کە چزیلک دەیچێژێ، دەیانچێشت .

چزیلک خۆی گرمۆڵە کرد و بێدەنگ بوو و منیش گەڕامەوە ژوورەکەی پێگی بلۆ.

- کە واتە ئەوە تۆ نەبووی؟ من ئەو ماوەیە هەر پێم وابوو کە تۆی شەوانە وا دەنگ و هاوارت دێت.

- منیش پێم وابوو تۆی.

لە ڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی چی ڕوویداوە و چمان گوتووە بەڵام یەک شت ڕوونە  کە ئێمە ماوەیەکە بە بێدەنگی و لە ناخی خۆماندا بیرمان لە یەکتر کردۆتەوە.

پێگی بلۆ ئەوەندەی تریش شین هەڵگەڕا. ئەوەش نیشانەی شەرمی تایبەتی کچانەیە.

- چۆنت قەرار داوە و بە تەمای چی ئۆسکار؟
- چۆنت قەرار داوە و بە تەمای چی پێگی؟

بە ڕاستی سەیرە کە هێندە خاڵی هاوبەشمان هەیە. بۆچوونی وەکوو یەک، پرسیاری وەکوو یەک. ڕووی تێکردم و گوتی:

- پێتخۆشە لە تەختەکەم و لە تەنیشتم دا بخەوی؟

کچ بە ڕاستی شێتۆکەن. ئەوە من بوایەم بۆ پرسیارێکی لەم چەشنە چەند کاتژمێر، وەللا بگرە ڕۆژ

و هەفتە جینگلم دەدا، دەمهێنا و دەمبرد ئینجا ئەگەر وێرابام پرسیارم کردبا. کە چی ئەو هێند بە ساکار و سانایی پرسیاری کرد وەک بڵێی پرسیارەکەی هەڵگری هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە نەبێ.

گوتم: باشە

چوومە سەر تەختەکەی. جێگەمان هێندێک بەرتەنگ بوو، دەنا شەوی وا خۆش نابێتەوە. بۆن و بەرامەی پێگی زۆر خۆشە. باوەشی نەرمی پێگی شوێنی وچاندان و حەسانەوەیەکی لەبن نەهاتوویە. نەرم و نۆڵییەک کە ئیتر من دەمێکە لە لەشی ڕەقهەڵاتوو و ئیسقانیی خۆمدا بەدی ناکەم. دەمێکی باش نووستین. خەونێکی زورمان بینی، لە باوەشی یەکتردا گەلێکمان باس و خواس کرد. گەلێکمان سەربردەی خۆمان گێڕایەوە.

سەر لە بەیانی کە "مادام گۆمەتێ" سەرپەرستاری بەش، ئێمەی بە یەکەوە دیت، کردی بە فەرتەنە و گوڕاندن بەسەر پەرستاری کێشکی شەودا. دەمێکی

باش به سەریەکدا گوڕاندیان و هاواریان کرد، پاشان ڕوویان کردە پێگی و ئینجا لە من. دەرگاکانیان بە یەکدا دەدا و وەک ژەنگەسوورە ویزە و هاژوهوژیان دەهات، ژانیان کردبوو. هی دیکەیان دەهێنا و لە سەر ئێمە بە شاهیدیان دەگرتن و پێیان دەگوتین بێچووە نەگبەت، لەکاتێکدا ئێمە زۆر هەستمان بە بەختەوەری دەکرد. باش بوو دادەسووریّ هات؛ بە هاتنی ئەو ئاوێکی سارد بە ئاورەکەدا کرا و بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- جا ئیدی بەسە لە سەری مەڕۆن و دەست لەو منالانە هەڵگرن! ئێستا بۆ ئەرکی خۆتان لەبیرکردووە، لەباتی ئاگاتان لە نەخۆشەکان بێ بوونە چاوەدێر و پارێزەری بەندەکانی یاسای نەخۆشخانە. بەو پەڕی ڕێزمەوە سەگ دەڕێنمە ئەو داب وشوێنە و هەی بەزیاد نەبن. دەتانهەوێ چاوی یەکتر دەربێنن؟ فەرموون بڕۆن شوێنێکیتر بدۆزنەوە، ئێرە جێی نییە. بڕۆن لە شوێنێکی دیکە بیخەن!

کەس نەیتوانی قسە لە قسەی دادەسووریّدا بکات. وەک هەمیشە ڕاستییەکان هەر لە لای ئەون. دادەسووریّ دەگەڵ من هاتەوە ژوورەکەم و سەرخەویّکم شکاند.

کە لە خەو هەڵستام بە یەکەوە کەوتینە دوان.

- ئەریّ ئۆسکار نیّوانی تۆ و پیّگی هەر گاڵتەیە یان شتیّک لە گۆڕیّ دایە؟
- گاڵتەی چی، من زۆر بەختەوەرم. ئیّمە ئەمشەو ژیانی هاوبەشمان دەستپیّکرد.
- ژیانی هاوبەش، یانی ژیانی ژن و میّردایەتی؟
- بەڵیّ. ئیّمە هەر چی ژن و میّردیّکی لیّک مارەکراو بەیەکەوە دەیکەن کردمان.
- ئاوا؟
- ئەریّ، بۆ؟ ئەگەر ڕاستت بویّ ئیّستا ئەمن؛ سەعات چەندە؟
- سەرەوەی بیست ساڵم، خۆم بۆم هەیە بڕیار بدەم چۆن بژیم. وانییە؟
- بیّ ئەملاو ئەولا

- پێت سەیر دەبێ ئەگەر بلێم ئێستا وەکو چەند ساڵ لەمەوبەر ئیتر بێزم لە ماچوموچ و ئامێزگرتن نابێتەوە و پێمخۆشە. سەیرە مرۆڤ چۆن دەگۆڕێ!

- ئۆسکار بزانە کە بە شادییەکانتەوە شادم. سەر هەڵدان و گەورەبوونت ڕەوتی خۆی دەپێوێ.
- بەڵام شتێکمان نەکرد و زمانمان لە دەمی یەکتر نەنا. پێگی بلۆ دەترسا کە ئەگەر زمانی لە دەمی بنێم منالّی وە زگی بکەوێ. ئەتۆش پێتوایە؟
- پێموایە ڕاست دەکات.
- چی؟ یانی ئەگەر مرۆڤ دەم بەدەمی یەکەوە بنێ منالّ دروست دەبێ. کە واتە من دەگەل کچە چینی منالّم دەبێ .
- هێدی بە ئۆسکار! مەترسییەکە زۆر کەمە، زۆر بچووکە.

دادەسووریّ هێندی بڕوا بە خۆ و دڵقایم بوو، منیشی هێور کردەوە. بەڵام چیت لێوەشارم، لە لای تۆ دەی درکێنم. بەس لە لای تۆ. من و پێگی جارێک زمانمان وێککەوت، یان دوو سیّ جار، ڕاستی نازانم بەڵکوو چەند جار.

دەمێک نووستم، پاشان دەگەڵ دادەسووریّ نانی نیوەڕۆمان خوارد، هەستم کرد باشترم.

- سەیرە، سەر لە بەیانی بە ڕاستی هیلاک و بێتاقەت بووم.
- ئاساییە، تەمەنی نێوان بیست و بیستوپێنج ساڵەیی تەمەنی شەوزیندەدارانە، دەم، دەمی جێژن و شەوگەردییە، مرۆڤ نە گوێی بە خەو دەبزویّ و نە ماندویی دەناسیّ. کە چی ئەمەش پێیدەویّ و دانەوەی هەیە. دەڵێی چی بچین سەرێکی خودا بدەین؟
- هەی نەبیّ ئادرەسەکەیت پەیدا کردووە؟
- لام وایە ئەو لەو کلیسایە.

دادەسووریّ وای پیّچاومەوە وەک بلّیی سەفەری یەک لە جەمسەرەکانی دونیایە بکەین. هەڵیگرتم و بردمی بۆ کلیساکە کە لە بنەبانی پارکی نەخۆشخانە، لەو دیوی چیمەنەکەی کە زوقم دایپۆشی بوو، هەڵکەوتووە. با من بۆت باس نەکەم، بیّڕیّزی دەبیّ، هەرچی بیّ باسی ئادرەسی تۆیە.

گەلیّک شلّەژام. شلّەژام کە پەیکەری تۆم بینی. ئەو وەزعەی تۆی تیّدا بووی، ڕووت و قووت هەڵواسراو، سیسەڵە و بیّگیان، لەخاچدراو، دڕکاوی، خویناوی و بریندار. لارەمل، سەری خۆت بۆ ڕاندەگیرا. بیرم لە خۆم کردەوە. زۆر تووڕە بووم . ئەگەر من خوا بوایەم وەک تۆ هەی، بۆ چرکە ساتیّکیش ئەم نالەبارییەم قەبوول نەدەکرد و کۆتاییم پیّدیّنا.

- دادەسووریّ، قسەی خۆمان بیّ، تۆی زۆرانبازی ناوبەدەرەوە و براوەی تیّکرای ئەو هەموو میدالانە، چۆن هیوا و هومیّدی خوت بە مەوە بەستۆتەوە؟

- بۆ نا ئۆسکار؟ ئەگەر ئیستا خودا، یەکی ورگن، مەچەک بابۆڵە، لەشچەور، قژکورت یان پرچ هۆنراوە وەک پالەوانان بوایە، زۆرترت باوەڕ پێدەکرد؟

- هـــــــــــــــــــــم.....م...

- ئۆسکار بیر بکەوە، لە کێ زۆرتر هەست بە نزیکی دەکەی؟ خوایەک کە هەست ناکا و نازانێ ئازار چییە یان خوایەک کە هەست بە ئازار دەکات؟

- دیارە، ئەوەی هەست بە ئازار دەکات. بەڵام ئەگەر من خوا بوایەم و ئەو توانا و دەسەڵاتەی ئەوم هەبوایە، لەو مەینەت و ئازارەدا نەدەمامەوە.

- هیچ کەس ناتوانێ خۆ لە ئازار ببوێرێ. نە خوا، نە تۆ، نە دایک و باوکت و نە من.

- باشە بۆ دەبێ ئازار بچێژین؟

- ڕاست چاوەڕوانی ئەم پرسیارەم دەکرد. ئازار هەیە تا ئازار. بڕوانە، سەیری دەموچاوی بکە! لێی ورد بەوە! باش بڕوانە پێتوایە هەست بە ئازار دەکات؟

- نا، زۆر سەیرە. وێناچێ هەست بە ژان بکات.
- ڕاست وایە. دوو جۆر ئازار هەیە ئۆسکاری من. ئازارێک هی لەش و ئازارێک هی دەروون و ناخە؛ ئازاری لەش دەبێ لەگەڵی ڕابێی و تاقەت بێنی. ئازاری دەروون خۆت هەڵیدەبژێری.
- ئێستا تێناگەم.
- ئەگەر دەست وپێت بە مێخ بکێشن، چارێکت نییە جگە لەوەی هەست بە ئازار و ژان بکەی. دەبێ خۆڕاگر بی. بەڵام بە پێچەوانە هیچ مەجبوور نی بۆ بیری مردن و لە بەر مردن ئازارت هەبێ. خۆ تۆ نازانی چۆنە و چی دەبێ. واتە بڕیارەکە بەخۆتە.
- کەس دەناسی، بیری مردنی، دڵخۆشی بکات؟
- بەڵێ، دەناسم. دایکم وابوو. لە سەرەمەرگێدا بزەی لە سەر لێوان لانەچوو. تەواوێک بێتاقەت بوو، پەلەی بوو و دەیویست بزانێ لەو دیو چی ڕوودەدات.

- نەمدەتوانی هیچ بڵێم چونکە حەزم دەکرد درێژەی گێڕانەوەکەم گوێ لێبێ. دەمێک بیرم لە قسەکانی کردەوە .
- بەڵام زۆربەی خەڵک مووقەڵێش نین و بیری لێناکەنەوە. زۆر بە قایم ئەوەی هەیانە گرتوویانە و بەری نادەن، وەک قڕنوو کە ئەو جێگەیەی گرتوویەتی بەری‌نادا. با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە "گونتک"، ئیرلەندێکی حەریفم بوو کە کێشی بە تاقە بن‌دەرپێ‌یەکەوە و زگی بەتاڵ سەد و پەنجا کیلو بوو و پلەی قورسترین زورانی‌گری ژنی جیهانی وەدەست هێنابوو. سەر و بنی قسانی هەر ئەوە بوو، وەڵا ئامادە نیم بۆ مردن. نەخێر وەلا من تەسلیمی نابم. نەخێر ئامادە نیم. بەڵام ئەو لە هەڵەدا بوو. ژیانی ئەبەدی بۆ کەس نەبووە هەتا ئەویش یەک بێ لەوان. بەڵام "گونتک" ملی نەدەدا و نەیدەویست ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ کە ئەویش دەبێ ئەم ڕێگایە بپێوێ. ئاخری تێکچوو، شێت بوو. ئەوەی لێی مایەوە سی وپێنج کیلۆ بوو. ئێسک و پێست، ماسییە

پانکەیەکی پنۆک پنۆکی سوور. دەبینی ئەویش مرد، وەکو هەموو کەسی تر. بەڵام ترسی لەمردن ژیانی لێکردە تاعوون و ژەهری مار. یانی لە ترسی مردن نەژیا.

- دادەسووریێ "گونتک" خەرفاو بوو؟
- هەر خەرفاو تەواو نییە. لەتامی بردبووە دەر.

سەرێکم بۆ لەقاند، چونکە بە ڕاست ترسی گونتک لە ڕادە بەدەر وێدەچوو.

دادەسووریێ بەردەوام بوو و گوتی:

- خەڵک بۆیە لەمردن دەترسن چونکە شتێک لە مردن نازانن و بۆیان نامۆیە. بەڵام ئەو نەناسراو و نامۆییە چییە؟

ئۆسکار من پێشنیار دەکەم تۆ نەترسی بەڵکوو هیوات هەبێ. لە سەرئەم خاچە، سەیری دەموچاوی خوا بکە، ژانی لەشی هێناوەتە بەر بار و خۆڕاگرە کە چی لە دەروونیدا هەست بە هیچ ئازارێک نییە و هەناوی پڕە لە هیوا و ئومێد. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە

هەست بە ئازاری بزمارەکان نەکات. ئاستی بەرزیی هیوا و ئومێد، ژانی لەش دەهێنێتە بەر ڕکێف. کە هیوات هەبوو خۆشت خۆت ناترسێنی و ئازاری خۆت نادەی. ئەم جیاوازییە، لە بوون و نەبوونی هیوا دا دەردەکەوێ. حەزم دەکرد نیشانت بدەم.

- باشە دادەسووریێ هەرکات ترسام زەخت لە خۆم دەکەم کە بێ هیوا نەبم.

دادەسووریێ ماچێکی کردم. ئێمە بە یەکەوە تۆشمان دەگەڵ لەم دێرکە چۆلەدا دەمەساتێکی خۆشمان هەبوو. قسەی خۆمان بێ خوا! دەزانی زۆر بێخەم دەهاتییە بەرچاو.

کە گەڕاینەوە دەمێکی باش خەوتم. هەر دێ هیلاک و هیلاکتر دەبم. ئێستا ئیتر وانییە کە تێرخەو ببم. کە بەخەبەر هاتم بە دادەسووریێم گوت:

- له ڕاستیدا من له شتێک که نایناسم ترس و خۆفم نییه، بەڵام حەز ناکەم ئەو شتانەی حەزم لێیانه و دەیانناسم له کیسیان بدەم .

- منیش هەروام، ئۆسکار. له پێگی بلۆ بپرسین بزانین حەز دەکات چاییمان لەگەڵ بخواتەوە؟

پێگی بلۆ چای لەگەڵ خواردینەوە، پێگی و دادەسووریٚ باش به یەکەوه ڕێکدەکەون. دادەسووریٚ بەسەرهاتی زۆرانبازی سیٚ جەمکه خۆشکانی بۆ گێڕاینەوە، گەلێک پێکەنین .

سیٚ خوشک که به دزی حەریفەوه جیٚگۆڕکێیان دەکرد. یەکەمیان دەهاته ناو مەیدانی زۆرانبازی دوای هەر پشوویەک به بیانووی میزکردن دەچۆه دەرەوه ئینجا پاش دمێک به ڕواڵەت دەگەڕایەوە، که چی ئەمه خوشکی دووهەم بوو به حەساوەیی دەهات. لایەنی بەرانبەریش هەر لای وابوو هەر زۆرانبازی پێشوویه. بەم چەشنه ئەم سیٚخۆشکه گزەیان دەکرد و بەردەوام

جیٚگۆڕکێیان دەکرد. هەموو لایەک سەریان سووڕ دەما کە چۆنە ئەم زۆرانبازە سەرەرای چەند خول زۆرانکاری هەر تۆسقاڵێکیش چییە هیلاک نابێ. تۆمەز کەس بە فیڵی ئەم سێ جەمکەی نەدەزانی.

دادەسووری پێیزانی و ئاشکرای کرد. دوو لە خوشکەکانی لە ئاودەستاندا کردە بەندەوە و کلیلەکەشی لە پەنجەرەوە فڕێ دایە دەرێ. پاشان چوو بۆ سەر دۆشەگ و خوشکی سێهەمی هەڵپشاوت تا لە کۆتاییدا دۆشەگی پێ ماچ کرد .

زۆرانبازیش دەبێ زیت بێ و فێڵەزان.

دادەسووری ڕۆیشت. پەرستارەکان چاو لە سەر من و پێگی هەڵناگرن وەک بڵێی ئێمە بومب بین و پێیاندا بتەقێینەوە. بە لەعنەت بن. هەرچی بێ ئێستا ئیتر من سی ساڵم. پێگی بەڵێنی دا کە ئەمشەو لە یەکەم دەرەتاندا بێت بۆ لام و منیش بەڵێنیم پێدا کە ئەمجارەیان زمانم لە زاری نەنێم.

بەڕاستی وایە خۆ هەر شەرت دروست کردنی منداڵ نییە بەڵکوو دەبێ بیر لە پەروەردەی بکەیەوە و کاتیشی بۆ تەرخان بکەی.

دەی خوا نازانم ئێستا داوای چیت لێبکەم چونکە ئەمڕۆ بەڕاستی ڕۆژێکی باش بوو. کارێکی وا بکە بەیانی نەشتەرگەرییەکەی پێگی سەرکوتوو بێ. وەک هی من دەرنەچێ. ئەگەر لە مەبەستم دەگەی.

تا بەیانی ماڵاوا

ئۆسکار

•تێبینی

باش یان خراپ بوونی نەشتەرگەری پێوەندی بە بەشی تۆوە نییە و رەنگ بێ لە بارانتدا نەبێ. بەڵام کارێکی وا بکە پێگی بلۆ ورەی بەرز بێ و دەرئەنجامەکەی هەرچی بێ بە باشی وەربگرێ.

دڵنیام ئەوەت لە دەستی دێ.

❊❊❊❊❊

سڵاو خوایە!

ئەمڕۆ پیگی بلۆ نەشتەرگەری بۆ کرا و منیش دە ساڵی پڕ لە چەرمەسەریم تێپەڕ کرد. تەمەنی سی ساڵەیی سانا نییە و کێشە و بەرپرسیاری هەر دەم لە زیاد بوون دایە.

"مادام دوکرۆ" پەرستاری شەو، چاوەدێر بوو و ئامادەکاری بۆ ژووری نەشتەرگەری دەکرد و پیگی بلۆ نەیتوانی بێت بۆ لای من.

کاتژمێر هەشتی بەیانی کاتێک لەسەر تەختێک دەیانبرد بینیم. لە ژێر مەلافە سەوزەکاندا هەر بە ئاستەم دیار بوو. کاتێک بە پێشمدا تێدەپەڕی کوڵی گریان گرتمی. دادەسووریێ لە تەنیشتم وەستابوو و دەستی گرتبووم کە تا ئاستێک ورەی وەبەر دەنام.

- دادەسووریێ! ئەو خولایەی تۆ بۆ ڕەزای بە بوونی مرۆڤی وەکو پیگی و من هەیە؟

- ئۆسکاری من، ئەوە شانسێکی گەورەیە کە هی وەکو ئێوە هەن. بە بێ ئێوە ژیان بێ مانا و تاقەتپرووکێن دەبوو.
- نا تۆ تێناگەی. مەبەستم ئەوەیە، بۆچی خوا ڕێگا دەدا مرۆڤی نەخۆش هەبی؟ یان بەدزاتە یان ئەوەیە لێهاتوو نییە.
- ئۆسکار نەخۆشی هەر وەک مردن وایە، ڕاستییەکە، نابێ وەک سزا سەیر بکرێ.
- دیارە کە تۆ نەخۆش نی!
- بە چیڕا دیارە ئۆسکار ؟

لە جێی خۆم حەپاسام. قەت نەمدەزانی دادەسووری کە هەموو کات رووح سووک و خۆنەویست ئامادەی یارمەتیدان بوو، خۆیشی کێشەی هەبێ.

- دادەسووری شتێکت لێشاردوومەوە؟ تۆ دەتوانی هەموو شتێک لەگەڵ مندا باس بکەی. تەمەنم سی و دوو ساڵە، سەرەتانم هەیە و هاوژیانم وا لە سەر تەختی نەشتەرگەرییە. واتە منیش دەگەڵ تەنگ و چەڵەمان ڕاهاتووم و سەربوردە و گەلێک ئەزموونم هەیە.

- تۆم خۆشدەوی ئۆسکار
- منیش تۆم خۆشدەوێ. کێشەکەت چییە، چم لەدەستی دێ؟ حەز دەکەی بە فەرزەندەیی وەرتبگرم؟
- بە فەرزەندەیی! من؟
- بەڵێ، هەر ئێستا بەرپرسیارەتی "بێرنارد"م کە خەمۆک بوو لە خۆ گرتووە.
- بێرنارد؟
- ورچۆکەکەم. لەوێ، لە ناو دۆڵابەکەدا. لە سەر ڕفەکە. ئەوە کۆنە ورچۆکەکەی منە. ئێستا ئەو ئیتر چاوەکانی نەماون، نە دەم و نە لمبۆز. ناوزگیشی کەم و زۆر بەتاڵە و چی تێدا نەماوە. هەموو لەشی کۆنە برینە. زۆر وێکچوویی لەگەڵ تۆدا هەیە. فەرزەندەیی بێرناردم ئەو ئێوارەیە قبووڵ کرد کە دایک و باوکی گەمژەم، ورچۆکەی نوێیان بۆ هێنام. وەک بڵێی من داوام کردبێ یان ویستبێتم. ئەگەر هەر حەزیان لە نوێکاری بوو، بۆ منیان بە برا چووکەیەکی نوی نەدەگۆڕییەوە. ئیتر بۆیە بێرناردم بە میراتگری خۆم داناوە و

هەرچی لەپاشم بەجێ دەمێنێ هی بێرناردە. ئەگەر تۆش هەست بە سوکنایی دەکەی و پێتخۆش بێ دەتوانم بە فەرزەندەیی وەرتبگرم.

- ئا بە دڵەوە. لام وایە ئەم کارەت دەتوانێ دەروونی من هێور بکاتەوە.
- ئەوە قەبووڵم کرد دادەسووری.

پاشان چووین ژوورەکەی پێگی مان ڕێکوپێک کرد، گوڵ و شوگلاتمان دانا بۆ کاتی گەڕانەوەی لە ژووری نەشتەرگەری.

دیسان ئەوە خەو دمباتەوە. دەچم دەخەوم. بەڕاستی نازانم ئەو هەمووە خەوە لە کوێ ڕا دێ.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ دادەسووری بەخەبەری هێنام و گوتی کە پێگی بلۆ گەڕاوەتەوە و نەشتەرگەرییەکەشی سەرکەوتوو بووە. بە یەکەوە چووینە سەردانی. دایک و باوکی بە تەنیشت تەختەکەیەوە دانیشتبوون. دڵنیا نیم، بەڵام دەبێ پێگی بۆخۆی یان دادەسووری باسی منیان بۆ دایکوباوکی

پێگی کردبێ، چونکو ویدەچوو بزانن من کێم و زۆر بە ڕێزەوە هەڵس وکەوتیان دەگەڵدا کردم و لە نێو خۆیاندا دایان نیشاندم، جۆرێک کە بتوانم لە نزیکەوە دەگەڵ خەسوو و خەزوورم چاوم بەسەر خێزانمەوە بێ.

لەوەی کە پێگی ڕەنگی نەگۆڕدرابوو و هەر وا مەیلەوەشین بوو دڵخۆش بووم. دوکتۆر دۆسلدۆرڤ هاتە ژوورەوە و لە کاتێکدا بە سەری پەنجان برۆکانی هەڵدەگلۆفی گوتی: تا چەند کاتژمێرێکی دی ئەم ڕەنگە شینە بە سەر دەچێ و نامێنێ. سەیرێکی دایکی پێگیم کرد، شین نەبوو سەرەڕای ئەوەش جوان بوو. لە بەر خۆمەوە بیرم لە پێگی کردەوە. خێزانی من هەر ڕەنگێک بێ، با ببێ من ئەوم هەر خۆشدەوێ.

پێگی چاوەکانی کردەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ من و دایک و باوکی کرد و دیسان خەوی لێکەوتەوە.

دایک و باوکی سوکناییەکیان هاتێ بەڵام ئیتر لەوە زۆرتر نەیاندەتوانی بمێننەوە.

- ئێمە کچەکەمان بە تۆ دەسپێرین، دەشزانین کە تۆ بە باشی ئاگاداری لێ دەکەی.

من دەگەڵ دادەسووریێ دا لە لای پێگی مامەوە تا جارێکی دیکەش چاوەکانی کردەوە ئینجا گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم بۆ حەسانەوە.

ئێستا کە نامەکەم بەرەو کۆتایی دەچێت لام وایە ئەمڕۆم ڕۆژێکی باش بوو. ڕۆژێک بوو بۆ خێزان. دادەسووریێم بە فەرزەندەیی وەرگرتووە، دەگەڵ خەسوو و خەزووران ڕێکین و خێزانیشم بە خۆشییەوە بەرەو باشتربوون دەڕوات. هەر چەند ئیتر بەرەبەری کاتژمێر یازدە شینایی دەموچاوی نەما.

تا بەیانی ماڵاوا

ئۆسکار

ئەمڕۆ هیچ داواکارییەکم نییە و دەتوانی وەحەسێی.

*****

ڕۆژباش خوا!

ئەمڕۆ لە تەمەنی نێوان چل و پەنجا دا بووم کە چی کەم تا کورت گەوج و گەمژە بووم.

بە کورتی بۆت باس دەکەم و لەوەش زۆرتری کات پێ ناکوژم چونکە بایی ئەوەندش نییە. پێگی بلۆ وەزعی باشە، بەڵام چزیلک کە ئیتر چاوی بینینی منی نییە،" کچە چینی" هان داوە و ئەویش بۆ پێگی گێڕاوەتەوە کە من دەمی ئەو، واتە دەمی "کچە چینیەم" ماچ کردووە.

پێگی بێ یەک و دوو گوتی: ئیتر نێوانی من و تۆ تەواو بوو. پێمگوت ئەوە ڕووداوێکی نەویستووی هەڕەتی لاوەتی بوو و هی سەردەمێکە کە ئێمە هیچ پیوەندیی‌یەکەمان بە یەکەوە نەبوو. هەروەها گوتم خۆ ناکرێ هەتا هەتایە تاوانی هەڵەکانی سەردەمی لاوەتیم بدەمەوە.

بێ سوود بوو، پێگی ملی نەدا. تەنانەت بۆ قەڵسە گێڕان لەمن دەگەڵ کچە چینی، بوو بە دەستەخوشک.

سەریان بەسەری یەکترەوە دەنا و فڕق و هۆڕیان بوو .

کاتێکیش "بیرژیت" کە توخمەگێڵۆکی (داونس سیندرۆمی) هەیە و هەر دەم بە دوای خەڵکی دیکەوەیە، وەک پیشەیانە، لە ژوورەکەم هاتە سەردانم، لێی گەڕام ماچم بکات. لە ڕاستیدا ماچ نا، لستمیّوە چونکە هەموو سەرو سەکوتی ماچ کردم. بیرژیت لەو کارەی خۆی تەواو هەستی بە بەختەوەری دەکرد وەک سەگێک کە خاوەنەکەی بلێسێتەوە. بەڵام لە بەختی بەد، ئەنیشتەین ئەم دیمەنەی بینی. ڕاستە ئەنیشتەین سەری ئاوی هێناوە بەڵام خۆ چاوەکانی عەیبیان نییە. هەموو شتێکی بینی و ورد ورد بۆ پێگی و کچە چینی گێڕایەوە. ئێستا تێکرای میوانی ژوورەکانی قاتی ئێمە نازناوی "ڕاوچی کچان"یان وەدوا خستووم هەرچەند کەمن هەنگاوێکیش چییە لە ژوورەکەی خۆم وەدەرنەکەوتووم .

- دادەسووریّ بڕوات بیّ بۆخۆشم نازانم چی چوو لە کەڵیشەمەوە و بۆ وا گێلانە خۆم نایە بەردەستی بێرژیتەوە.
- لە تەمەنی چل و پەنجادا شەیتانۆکی دزە دەکات جڵدی زۆر پیاوان، سەر لە نویّ هەڵەسوونە دێننەوە و حەز ناکەن دان بە تێپەڕ بوونی هەڕەتی لاوتی‌یاندا بێنن، بۆیە زیانیّ دەکەن.
- کە واتە ئاساییە. بەڵام پاساوێک نییە کە ئاستی گەمژەیی من وەشاریّ.
- تەواو ئاساییە.
- چی بکەم ؟ چۆن بکەم؟
- کێت خۆش دەویّ؟
- پێگی. تەنیا پێگی.
- پێی بڵیّ! عیشقی یەکەم بە سۆز و هەستیارە. مرۆڤ کە باوەڕی پێی بوو نابیّ کۆڵ بدات.

خوایە، بەیانی کریسمەسە، قەت بە مێشکمدا نەهاتبوو کە ئەوە ڕۆژی لە دایکبوونی تۆیە. کارێکی وابکە بەینی من و پێگی ئاسایی بێتەوە. نازانم هۆکارەکەی چییە

بەڵام ئەمشەو بە تەواوی دڵم گیراوە. هەست بە تەنیایی و بێهیوایی دەکەم.

تا بەیانی

ماڵاوا

ئۆسکار

ئێستا کە ڕەفاقەتیمان هەیە بڵێ بزانم بۆ ڕۆژی لە دایکبوونت چیت دەوێ؟

*****

سڵاو خوا!

کاتژمێر هەشتی سەر لە بەیانی ئەمڕۆ بە پێگیم گوت کە خۆشم دەوێ. تەنیا ئەو و ئیتر کەسیتر. هەروەها گوتم کە ناتوانم بێ ئەو بژیم. ئەویش دەستی کرد بەگریان و گوتی کە زۆر خەمبار بووە و دانی پێداهێنا کە تەنیا منی خۆش دەوێ. گوتیشی ئەم خۆشەویستییە نەگۆڕە کەسی دیکە ناتوانی وەک من لە دڵی ئەودا جێگە بکاتەوە.

سەیرە وا بە یەکەوە دانیشتووین و فرمێسک هەڵدەوەڕێنین کە چی هەست بە سوکنایی و ئارامی دەکەین. ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد شتێکی شازە. بە تایبەت دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەو کات کە مرۆڤ هەموو تاقیکارییەکانی سەرکەوتووانە تێپەڕاندووە و لە کڵ هاتۆتە دەر .

کاتژمێر دە، بۆن و بەرامەی کریسمس بەتەواوی هەست پێدەکرا ژووری پێگی بۆ مانەوە نەدەبوو چۆنکە ژوورەکەی خەریک بوو بە هاتنی تێکرای

بنەماڵەکەیان، برا، مام، برازا، خاڵۆزا، پوورزا و ئامۆزاکانی جمەی دەهات. منیش دەبوو بە ناچاری چاوەڕوانی هاتن و دەگەڵ بوونی دایک و باوکم بوایەم. دەبێ ئەمجارە چ دیارییەکیان دۆزیبێتەوە. پارچۆکێکی هەژدە هەزار کەرتی؟ کتێب بە زمانی کوردی؟ سەندوقێک پڕ لە دەفتەرچەی مونتاژ؟ یان وێنەیەکی لە جامگیروای خۆم هی ئەو سەردەمە کە ساخ و سەلیم بووم؟ بیری بەسەر بردن دەگەڵ دوو گەمژە بە نزمترین ئاستی"ئی کۆ" وە، گێژاوێک بوو کە ئاراو قەراری لێبڕیبووم کە چۆن بتوانم ڕۆژێکی وا ناخۆش تێپەڕکەم.

لە ناوکاو بێ یەک و دوو بڕیارم دا خۆ دەربازبکەم. بۆ ڕاکردن، پلانی خۆم دارشت. لیستۆکەکانم بۆ ئەنیشتەین، لێفەکەم بۆ چزیلک و شوگلاتەکەشم بۆ گیپن. پاش مەودایەک بیرم کەوتەوە کە دادەسووری لە ژووری خۆگۆڕینی پەرستارەکان دەمێکی پێدەچێت و دایک و باوکیشم بەر لە دوازدەی نیوەڕۆ ناگەنێ. هەموو شتێک پر بە پێستێتی. کاتژمێر یازدە و نیو

دادەسووریّ لە ئامێزی گرتم، جێژنە پیرۆزەی لیّ کردم، داوای کات و ساتێکی خۆشی لەگەڵ دایک و باوکم بۆ خواستم و ئینجا بەرەوە ئەو قاتە کە ژووری خۆگۆڕینی پەرستارەکانی لێیە کەوتە ڕیّ. کە ئەو ڕۆیشت فیکەم بۆ گیپن، ئەنیشتەین و چزیلک کرد، ئەوانیش بیّ یەک ودوو هاتن جلوبەرگیان کردە بەرم و لە سەردەستان بردیانم بۆ لای کۆنە سەیارەکەی دادەسووریّ. کۆنی سەیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ "چاخی پیش سەیارە". گیپن کە لە هەژاراوا گەورە بووە لە کردەنەوەی قفلدا شارەزا و کارامەیی تەواوی هەیە، بە چاونووقانێک دەرگای پشتەوەی سەیارەکەی کردەوە و ئینجا منیان لە بەر پێیان لە نێوان کورسییەکانی پێشەوە و دواوە درێژ کرد و خۆیان بیّئەوەی کەس بیان بینیّ، بە پەلە گەڕانەوە.

پاش دەمێکی چاک، دادەسووریّ هات لە پشت فەرمانی سەیارەکەی دانیشت. دەمێکی چاک کۆخی، لام وایە پتر لە پانزدە جار. ئینجا سەیارەکەی هەڵکرد و بە خێرایەکی زۆر کەوتە ڕیّ. ئەم سەیارە ئەنتیکانە

بێ‌وێنەن. دەنگیان هێندە بەرزە پێتوایە زۆر خێران، واش بە ئێرە و ئەوێت دادەن وەدەزانی سواری چەرخوفەڵک بووی. کێشەیەکی دیکەش ئەوە بوو، وەک بڵێی دادەسووریّ لە لای "بەدەڵەکانی فیلم" فێری لێخوڕین بووبیّ، نە دەربەستی چرای سوور بوو و نە جیاوازی بە شەقام و شوستە دەکرد. لە فەلەکە دا جۆرێک لێی دەخوڕی دەتگوت لە سەر دوو تەگەران دەڕوات. ئەگەر زانی بات لەو پشتەی چیم پێکرا!؟ بەردەوام دەستی لەسەر هۆڕنەکە بوو. کومەڵێک وشەی نوێی لیّ فێربووم کە دەری دەخست دادەسووریّ بە ڕاستی زمانزانە! بەم لەفز و وشانە کە بۆ شوفیرەکانی دیکەی بەریّ دەکرد، دەردەکەوت دڵنیا بوو کەس نییە لەخۆی بەدەر بزانیّ سەیارە لێبخوڕیّ. شوفیرێک نەبوو، لە قیڕەی تیژ و وشەی دڕکاوی دادەسووریّ بێبەش بووبیّ. دادەسووریّ بیّ بەزەییانە بە سەر نەیارەکانیدا کە هەر کام لە پشت فەرمانی سەیارەکانی خۆیاندا دانیشتبوون یان ئەم خەڵکەی دەیانویست لەمبەری شەقامەوە بپەڕنەوە ئەمبەری شەقام، دەڕشاییەوە. بۆم دەرکەوت کە جیهانی

زۆرانبازان فێرگەیەکی پڕ لە ئەزموونی قسەی دڕکاوییە.

بە تەما بووم کاتیک دەگەینێ هەستم خۆ بهاوێمە کورسیی‌یەکەی پێشەوە و بڵێم "**بـــــاوو!**" بەڵام ڕێگاکە هێندە دوور و درێژ بۆوە کە لام وایە خەوم لێکەوت. کاتێک بە خەبەر هاتم تاریکی، بێدەنگی و سەرما بەسەر وڵاتدا زاڵ بوون و منیش هەروا لە بەر پێی کورسییەکانی دواوەی سەیارەکە لەسەر پێفەڕشە شێدارەکاندا کەوتبووم. ئەوە یەکەم جار بوو کە دان بە بێ عەقڵی و کەریەتی خۆمدا بهێنم بۆ ئەو کارەی کردوومە.

کە لە سەیارەکە هاتمە دەرەوە بەفربارین دەستی پێکرد بەڵام هیچ ئەو جوانی و خۆشییەی سەمای کلۆی بەفرەکانی ناو چیرۆکەکەی "گوێز شکێن" یان تێدا بەدی نەدەکرا. تەنیا دەنگی لەرزی ددانەکانم بوو کە بە حەزی خۆیان و بێ مەیلی من، بێدەنگی شەویان دەشکاند.

خانوویەکی گەورەی ڕووناکم بینی، بە زەحمەت بەرەو وێ چووم. زەنگی دەرگاکە ئەوەندە لە بەرزی بوو کە بە ناچار خۆم بۆ هەڵهاویشت تا بیگەمێ. لە بەر هیلاکی کەوتمە سەر پێفەڕشی بەر دەرگاکە.

دادەسووریێ منی لە بەر دەرگای ماڵی خۆیدا دۆزییەوە و بە حەپەساوییەوە لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ئای..... ئاخر...ئەی . ئینجا داهاتەوە سەرم و بە دەنگێکی کز ، لە بەر خۆیەوە چرپاندی بە گوێمدا

- ئازیزەکەم، خۆشەویست!

لەو دەمەیدا بیرم کردەوە و بە خۆم گوت: ڕاکردنەکەشم زۆر بێ عەقڵانە و بێ خێر نییە.

هەڵیگرتم بردمییە ژووری دانیشتن، لە سووچێک دا درەختی کریسمەس دەبریسکایەوە. ماڵێکی خۆش و گەرموگوڕ. پێموانەبوو دادەسووریێ ماڵ وحاڵێکی وا خۆشی هەبێ! کوورەیەکی پێوەنا و لەپەنا کوورەکە گەرمی کردمەوە. پاشان سەر و فنجانێکی گەورەمان شوگلات خواردەوە. لای خۆم لێکم داوە کە لە

سەرەتادا دەملاوێنێتەوە تا دێمەوە سەرەخۆ جا ئینجا دەس دەکات بە لۆمە و سەرزەنیش کردنم، بۆیە کاتێکی باشم دا بە خۆم، تا خۆم لە لۆمەی بدزمەوە. لە ڕاستێشدا ماندوویی لە بڕان نەهاتوو کە ئێستا بۆتە بەشێکی سەرەکی ژیانم، یارمەتیدەرێکی باشی ئەم مەبەستەم بوو.

- ئۆسکار هەموو لە نەخۆشخانە بە دواتدا دەگەڕێن، بۆتە بشێوی و هەراوهوریا. دایک و باوکت سەریان لێ شێواوە و پۆلیسیان ئاگادار کردووە.
- پێم سەیر نییە. ڕەنگ بێ لایان وابێ ئەگەر کەلەبچە بکرێم ڕوحمم دەبزوێ و خۆشمدەوێن.
- بۆ وا هێندەیان لێ تووڕەی؟
- ئەوان لەمن دەترسێن . ئەوان ناوێرن دەگەڵ من بدوێن و هەرچی ئەوانیش پتر دەترسێن من زۆرتر هەست بە نامۆیی و بیکەسی دەکەم. ئەوان بۆ لە من دەترسێن؟ ئەمن

ناشیرین و دزێوم؟ بۆگەنیوم لێدێ؟ خەرفاو و شێت بووم بێ ئەوەی بۆ خۆم پێبزانم؟

- ئۆسکار! ئەوان لە تۆ ناترسێن، ترسی وان لە نەخۆشییەکەی تۆیە.
- ئەو نەخۆشییە بەشێکە لە من. پێویست ناکات چونکە من نەخۆشم ئەوان هەڵس و کەوتیان دەگەڵ مندا بگۆڕدرێ. یان نەکا مانای خۆشەویستی لای دایک و باوکم تەنیا بۆ ئۆسکاری ساخ و سەلیم بێ؟
- ئــــۆسکار ئەوان تۆیان خۆش دەوێ. ئەوەیان بە من گوتووە.
- بۆ ئێوە بەیەکەوە قسەتان هەیە؟
- ئەی چۆن، ئەوان بەخیلی دەبەن کە من و تۆ وا بەیەکەوە ڕێکین و لێک تێدەگەین. نا بەخیلی نا ، خەمبارن. خەمبارن کە ئەوانیش وا ئەو شانسەیان نییە.

شانەکانم هەڵتەکاند، بەڵام هەستم کرد هێندەی پیشوو تووڕە نیم. دادەسووری فنجانێکی دیکەی شوگلات دروست کرد و گوتی:

- دەزانی چۆنە ئۆسکار، ڕۆژێک دادێ تۆ دەمری، بەڵام دایک و باوکیشت دەمرن.
- بەڵامەوە سەیرە، قەت بیرم لێ نەکردبۆوە.
- بەدی، ئەوانیش دەمرن، تەک و تەنیا بە کۆڵێک پەژارەوە کە نەیانتوانی دەگەڵ تاقە منداڵەکەیان ئاشت بنەوە. ئەو ئۆسکارەی لە ئاستی پەرستندا خۆشیان دەویست.
- وا مەلێ دادەسووڕێ، خەریکە گریانم بێ.
- بیر لەوان بکەوە. تۆ کوڕێکی ژیری بۆیە لێت حاڵی بووە کە دەمری. بەڵام بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە ئەوانیش دەمرن. هەموو دەمرین. دایک و باوکت و منیش ڕۆژێک دەمرم.
- وایە بەڵام هەرچی بێ ئەوە منم یەکەمجار دەمرم.
- ڕاستە .یەکەمجار تۆ دەمری بەڵام هەر لە بەر ئەوەی تۆ بەر لەوانی تر دەمری بۆت نییە هەرچی پێتخۆش بێ بیکەی،. مانای ئەوە نییە چونکە یەکەمجار تۆ دەمرێ دەبێ هەموو ئەوانی تر لە بیر بکەی.

- ئێستا تێدەگەم دادەسووریّ. تەلەفونیان بۆ بکە!

خولآیە باقییەکەت بە خێرایی بۆ دەگێڕمەوە چونکە دەستەکانم بێ هێز دەبن. دادەسووریّ تەلەفونی بۆ نەخۆشخانە کرد تا دایک و باوکم ئاگادار بکەن. ئەوان هاتن بۆ ماڵی دادەسووریّ و بە یەکەوە جێژنەمان گرت.

کاتێک دایک و باوکم هاتن پێمگوتن:

- بمبوورن، من لە بیرم کرد بوو کە ئێوەش ڕۆژێک دەمرن.

نازانم چی ڕووی دا و ئەوان چۆنم لێ تێگەیشتن بەڵام لام وایە هەموو شتێک وەک ڕابوردووی لێهاتەوە و بە یەکەوە جێژن و کۆڕێکی خۆشمان بەسەر برد.

پاش نانخواردن دادەسووریّ حەزی لێبوو لە تەلەویزیۆندا سەیری نوێژی جێژن بکات و هەروەها کێبەرکێیەکی زۆرانکاری کە بە ڤیدیۆ هەی بوو. ئەو لە

کۆنەوە هەموو کات بەر لە نوێژی جێژن سەیری زۆرانبازییەک دەکات و ئەوەش بۆی بۆتە نەریتێک .

بێ پرسیار و بێ یەک و دوو دانیشتینە سەیرکردنی ڤیدیۆی زۆرانکارییەک کە دادەسووریێ پێشتر تۆماری کرد بوو. پڕ لە لێدان و کوتان نیوان "مەفیستا و ژاندارک". باوکم لە بەر خۆیەوە وادەکا: تەح لەم ژنە ئازایە! باوکم سوورسوور هەڵگەڕابوو وێدەچوو سەیری زۆرانبازیی پێخۆش بێ. سەرت سووڕ دەما چۆنیان لە یەکتردەدا. لە شەڕێکی وا دا ئەو لێدانەیان لەمن دابا، سەت جار دەمردم.

دادەسووریێ گوتی ڕاهێنانی زۆر توانا و تاقەتی مرۆڤ پەرە پێدەدات. گرینگە مرۆڤ بێ هیوا نەبێت. لە کۆتاییدا ژاندارک بردییەوە هەرچەند لەسەرەتا دا ویێ نەدەچوو شانسێکی هەبێ. لام وایە تۆ زۆر بەم سەرکەوتنە دڵخۆش بووی؟

تا لە بیرم نەچووە خوایە ڕۆژی لە دایکبوونت پیرۆز بێ!

دادەسووریێ کاتێک منی لە ژووری خەوی کوڕە گەورەکەیدا کە بەیتاڵە و ئێستا لە کۆنگۆ ئیش دەکات و لە لای فیلەکانە، لە جێگاوبان دەنا، گوتی: پێکهاتنەوە و ئاشتبوونەوەی من و دایک و باوکم دیارییەکی باشی ڕۆژی لە دایکبوون بوو بۆ تۆ. ڕاستییەکەت بویێ من ئەو قسەیەم پێ زیادەڕەوییە. بەڵام کە دادەسووریێی ناسیاو و برادەری کۆنی خۆت وا دەڵێ، ئیتر ...

کاتێکی خۆش تا بەیانی

ئۆسکار

تا لە بیرمە با ئارەزووەکەم بکەم، کە دایک و باوکم هەمیشە وەک ئەمشەو بن و هەروەها منیش

. کریسمەسێکی خۆش بوو بەتایبەت کێبەرکێکەی مەفیستا و ژاندارک. بشبوورە کە بەر لە نوێژی جێژن خەوتم.

*****

ئەم کاتە باش خوایە!

هەنووکە تەمەنم سەروی شەست ساڵە و ئێستا دەبێ تاوانی شەونشینی و ئاهەنگگێڕانی شەوی ڕابوردوو بدەمەوە. ئەمڕۆ حاڵم هیچ باش نییە.

گەڕانەوەم بۆ نەخۆشخانە خۆش بوو. وایە ئیدی مرۆڤ لە تەمەنی پیری دا زۆر حەزی لە سەفەر و دوورکەوتنەوە نییە. بەڕاستی هێز و توانای سەفەر و کەوتنە ڕێم بۆ هیچ کوێ نییە.

لە نامەکەی دوێنێ دا لە بیرم چوو بۆت باس بکەم کە لە سەر ڕەفەی پلیکانەکانی ماڵی دادەسووریێ پەیکەرێکی پێگی بلۆی لێ بوو. سوێندت بۆ بخۆم هێندە ویکدەچن دەڵێی دوو لەتکی سێوێکن. دەم وچاویی بە دیمەنێکی نەرمونیان، باڵاپۆشێکی شین، هەر وەک ڕەنگی پێستی پێگییە.

دادەسووریێ دەڵێ: ناوی ماریای پاکیزەیە و دایکی تۆیە. وەک من تێگەیشتم ئەم مادۆنایە پشت بەپشت لە بنەماڵەی دادەسووریێدا بوونی هەبووە کە ئێستا وا

داوییە بە من و منیش لە تەنیشت تەختی خەوەکەم لە بن سەری خۆم دامناوە. بەڵام هەر دەبێتەوە هی دادەسووریێ چونکە وەک دەزانی من ئەوم بە فەرزەندی وەرگرتووە.

پێگی بلۆ لە سەر کورسێکی چەرخدار دانیشتبوو، هاتە سەردانم. حاڵی باشترە. لەگەڵم هاوڕا نەبوو کە وێکچوویی دەگەڵ پەیکەرەکە هەبێ بەڵام دەمەساتێکی خۆشمان بە یەکەوە ڕابوارد. لە کاتێکدا گوێمان دابووە "گوێزشکێن"، دەست لە ناو دەستی یەکتردا سەفەرێکمان بە ناو ڕۆژگاری خۆشی ڕابوردوومان کرد.

ئیتر چیتر قسە ناکەم چونکە هەست بە قورسی پێنووسەکە دەکەم. بە هۆی ئەو هەمووە شوگلات خواردن و شامپاینەی کە دایک و باوکان بۆ دوکتۆر و پەرستارەکانیان هێناوە هەموو نەخۆشن، تەنانەت دوکتۆر دۆسلڎۆرڤیش.

زۆر پێمخۆشە سەردانم بکەی.

لە ئامێزت دەگرم

تا بەیانی کاتێکی خۆش

ئۆسکار.

ڕۆژباش خوا!

ئەمڕۆ لە تەمەنی حەفتاوە بەرەو هەشتا دەڕۆم و زۆر بیرم کردۆتەوە.

یەکەم ئەوەکە دیارییەکەی دادەسووریێم بەکار هێنا. نازانم بۆم باس کردووی یان نا؟ ڕووەکێکە لە" سەحرا"وە، کە هەموو ژیانی یەک ڕۆژە. هەرکە تۆوەکە ئاوی وێکەوێ شین دەبێ، لاسک دەردەکات، گەڵای لێ دەڕوێ، گوڵ دەکات، دەپشکوێ، دەبێتە تۆو، دەژاکێ، سیس دەبێ، مل بەلارەوە دەنێ و بۆ شەوێ، تەواو دەبێ. دیارێکی بە نرخ بوو، سوپاس کە ئەم شتەت دۆزیوەتەوە.

دادەسووریێ، دایک و باوکم و من سەر لە بەیانی ئەمڕۆ سەعات حەوت ئاومان دا.

ڕاستە لەوانەیە بۆم باس نەکردبی! ئێستا ئەوان لە لای دادەسووریێ دەژین، چونکە لێرە نزیکترە.

هەنگاو بە هەنگاو هاوڕێی ژیانی گوڵەکەم کرد. بە ڕواڵەت ناشیاو و بێ بایخ دێتە بەرچاو. با ژیانی گوڵێکیش بێ، با پیرەدار نەبێ، بەڵام ئەو چرکەیەکیش چییە لە ژیانی کورتی خۆیدا نەوەستا و بە بەر چاوی ئێمەوە وەک پیرەدارێک ملەی کرد بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێ لە خۆی بەجێ بهێڵێ. یەک ڕۆژ خەباتی بێ وچان. یەک ژیان.

پێگی بلۆ و من ماوەیەک کتێبی "دوکتۆر و دەرمان"مان خوێندەوە. ئەم کتێبە پەسەندی پێگی‌یە. ئەو زۆر حەزی لێیە لە نەخۆشییەکان سەرەدەرێ دەربکا و بزانێ مەترسی کام نەخۆشی دیکەی لە سەر ڕێگەیە. بەش بە حاڵی خۆم لە وشەی دیکەم دەڕوانی، وشەی وەک ژیان، مەرگ، باوەڕ و خولا. نازانم باوەڕ دەکەی یان نا، بەڵام هیچ کامیانی تێدا نەبوو!

بە لانێکی‌دا بەڵگەی چاکە، دەردەکەوێ نە ژیان نە مردن نە باوەڕ و نە تۆ، لە زومرەی نەخۆشییاندا نین. ئەوەش خۆی لە خۆیدا خەبەرێکی نوێیە. چیت گوت؟

هەر چەند پێویست بوو کتێبی توکمە پرسی گرنگییشیان لە خۆ گرتبایە . گوتم:

دادەسووریَ دەڵێی ئەم کتێبە تەنیا باسی ئەم نەهامەتییانە دەکات کە تاکی تایبەت دەتوانیَ تووشی بیَ. بەڵام باسی پرسە گشتییەکانی وەک ژیان، مەرگ، باوەڕ و خوڵا کە هەموو تاکێک دەگرێتەوە، ناکات.

- ئۆسکار ڕەنگ بیَ بۆ ئەم پرسانە سەیری کتێبەکانی فەلسەفی بکەی. هەرچەند لەوانەیە ئەوەی دەیدۆزییەوە بە دڵت نەبیَ. بۆ هەرکام لەم پرس و کێشانە کە تۆ ئاماژەیان پێدەکەی کۆمەڵێک وڵامی جیاواز هەیە.
- چۆن شتی وا دەبیَ؟
- پرسە هەرە گرنگ و سەرەکییەکان هەتا هەتایە وەک پرسیار دەمیننەوە. بە دوای وڵامی هەر پرسیارێکی لەم چەشنەدا گومان و بەڵکوو، سەرهەڵدەدەن. تەنیا پرسیارە ساکار و ئاساییەکانن کە وڵامی ڕاست و دەقا و دەقیان هەیە،

- مەبەستت ئەوەیە کە وڵامێک بۆ "ژیان" نییە؟
- مەبەستم ئەوەیە بێژمار وڵام بۆ"ژیان" هەیە، واتە وڵامێک نییە.
- دەزانی دادەسووری من چۆنی لێ تێگەیشتووم، باشترین وڵامی ئەم پرسیارە، تێیدا ژیانە و تا بنەبان ڕۆیشتنێتی.

دوکتۆر دۆسلدۆرف سەردانی کردین بەڵام وەک سەگێک کە دارت لێ بەرز کردبێتەوە، بە ترسەوە دەمڕوانێتێ. تێکهەڵکێشی ئەم ترسە و برۆ چڕ و پڕە ڕەشەکانی،

نەگوتراوەکانی دەرونی دوکتۆر بە باشی ئاشکرا دەکات.

پرسیم: دوکتۆر برۆکانت شانە دەکەی؟

بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی دەوروبەری کرد وەک بیهەوێ لە دادەسووری و دایک و باوکم بپرسێ ئاخۆ باشی بیستووە. پاشان بە دەنگیکی نزمەوە گوتی:

- بەڵێ.

- دوکتۆر پێویست ناکات گرژ بی. ڕاستییەکەت بویێ دەرمانەکانم هەر دەم بە پێی ڕاسپاردەکان بەکار هێناوە، تۆش لە تیمار و دەرمان کردنمدا کۆتاییت نەکردووە. جا کە وایە پێویست ناکات هەست بە گوناهباری بکەی. تاوانی تۆ نییە کە دەبێ هەواڵی ئەم نەخۆشییانە کە ناوی لاتینیان هەیە و ڕزگاربوون لە دەستیان هاسان نییە، بدەی بە خەڵک. خۆ تۆ خولا نی کە دەسەڵاتت بە سەر سروشت دا هەبێ. تۆ تەنیا وەستاکارێکی. دوکتۆر دۆسلْدۆرڤ لەوەی کە هەیە لە خۆتی قورستر مەکە. ئەگینا بەردەوام بوون لەم ئەرکەدا چەتوون دەبێ. وا لە خۆت مەکە.

دوکتۆر دۆسڵدۆرڤ بە دەمی داکەوتوو وەک هێلکەی لە دەمی دابێ گوێی ڕاگرتبوو. پاشان بزەیەکی هاتێ، بزەیەک لە ناخێوە و لە باوەشی گرتم و گوتی:

- ڕاست دەکەی ئۆسکار وایە. سوپاس کە پێتگوتم.
- تکایە شایانی نییە، لە خزمەت دام.

ئاوا بەم چەشنە، خولّایە. ئیستاش چاوەڕوانی بەسەرکردنەوە و سەردانتم. وەرە، گومان مەکە! وەرە تەنانەت ئێستا کە دەورم پڕ لە خەڵکە. بە دڵنیایەوە خۆشحاڵ دەبم.

ماڵاوا تا بەیانی

لە ئامێزت دەگرم

ئۆسکار

❊❊❊❊❊

ڕۆژباش خوا!

پێگی بلۆ مەرەخەس کراوە و گەڕاوەتەوە ماڵێ بۆ لای دایک و باوکی. گەمژە نیم کە نەزانم ئیتر قەت جارێکی دیکە چاوم پێی‌ناکەوێتەوە.

چی دیکە نانووسم چونکە بەڕاستی خەفەتبارم. پێگی و من ژیانێکمان بە یەکەوە تێپەڕ کرد کە چی وا ئێستا من تەنیا، سەر ڕووتاو، بێتاقەت و لاواز لە جێگەدا کەوتووم. ئاخ پیری.

ئەمڕۆ تۆم خۆش ناوێ.

ئۆسکار

*****

ڕۆژ باش خوا!

سوپاس کە هاتی.

وەختێکی باشت بۆ سەردانم هەڵبژارد چونکە حاڵم هیج باش نەبوو. ڕەنگە تۆش بە نامەکەی دوێنێی من تووڕە بوو بی.

کاتێک بە خەبەر هاتم بیرم کردەوە کە ئێستا وا نەوەد ساڵم. ڕووم کردە پەنجەرەوە کە سەیری کلۆی بەفرەکان بکەم کە وا نەرم لەو دیوی پەنجەرەکانەوە سەمایان دەکرد.

ئەو دەم بوو تێگەیشتم کە تۆ بە تەمای بێیە سەردانم. بەرەبەیانی بوو و تەنیا لەم هەردە، هێندە زوو بوو کە باڵندەکان هێشتا لە خەودا بوون، تەنانەت پەرستاری شەو "مادام دوکرۆ"ش لە خەونوچکە دابوو، تۆش خەریکی ڕێکخستنی گزینگی بەربەیانی بووی. کاتێکی زۆری برد تا گزینگی بەیانیت ساز دا. وڵات هەر دەهات و ڕووناکتر دەبوو. دونیای دەورووبەرت بە ڕەنگی سپی، ڕەساسی و شین پڕ کرد، تاریکایی

شەوت بەزاند. لاتدا و ژیانت وەبەر جیهان نایەوە. کۆڵت نەدا. ئەودەمە بوو جیاوازی نێوان تۆ و ئێمەمانانم بۆ دەرکەوت. تۆ ئەو کەسەی کە هیلاک نابی. ئەو کەسەی کە بێهیوا نابی و هەر دەم بێوچان تێدەکۆشی. گورجێک ڕۆژە هەروا گورجێکیش شەو. هەر بەم خێراییەش بەهار ، زستان، پێگی، ئۆسکار، دادەسووری، عەجەب تاقەتێکت هەیە!

تێگەیشتم کە تۆ لەوێی و نهێنی خۆت نیشان دەدام: هەموو ڕۆژێ سەیر بکە و بڕوانە دونیا وەک ئەوەی کە ئەمە یەکەم ڕۆژ بێ. بەم شێوەیە ئامۆژگارییەکەتم ڕەچاو کرد و بەشوێنیدا ڕۆیشتم. یەکەمجار کە سەرنجم دایە نوور، ڕەنگەکان، دارەکان، باڵندەکان و ئاژەڵەکان. هەستم بە شنەبایەک کرد کە دەکەوتە بەر کوڵمەکانم و هەڵمدەمیسی. دەنگەکانم دەبیست کە لە دالانەکانەوە بەرزدەبوونەوە دەتگوت لە ژێرگومەزێکەوە دێن. هەستم بە بوون و ژیان دەکرد. لە خۆشییان مچورکم پێدا دەهات و بە بوونم سەرفەراز و سەرمەست بووم.

سوپاس خولالیە بۆ هەر چی کە بۆت کردم. وام هەست دەکرد دەستی منت گرتووە بەرەو ناوەندی ڕازە شاردراوەکانم دەبەی کە بەچاوی خۆم بیان بینم. سوپاس.

تا بەیانی

ئامێز

ئۆسکار

داواکارییەکەم: دەتوانی ئەم یەکەم سەردانە بۆ دایک و باوکیشم دووپات بکەیەوە؟ ئەگەریش پێراگەیشتی بۆ پێگێش. پێویست ناکا بۆ دادەسووریێ بپاڕێمەوە ئەو خۆی ئەمانە باش دەزانێ.

❊❊❊❊❊

ڕۆژ باش خوا!

ئەمرۆ تەمەنم سەد ساڵە و بوومە هاوتەمەنی دادەسووریّ. زۆر دەخەوم بەڵام حاڵم باشە. حەوڵم داوە بۆ دایک و باوکم شیّ بکەمەوە کە ژیان وەک دیارییەکی سەیر وایە. لە سەرەتادا مرۆڤ بە زیادەوە مەزندەی دەکات و لای وایە هەتا هەتایە دەژیت. پاشان بە کەمی دەنرخێنیّ و لای وایە کە کورت و کەم بایخە و خەریکە لە کیسی خۆی بدات. لە کۆتاییدا پێدەگات کە ئەوە دیاری نەبوو بەڵکوو قەرزێکە و ئەمانەتێک، جا ئینجا تازە تێدەکۆشیّ کەڵکی لیّوەربگریّ. من کە ئێستا تەمەنم سەد ساڵە دەزانم باسی چی دەکەم. هەرچی تەمەنی مرۆڤ زۆرتر دەچێتە سەر دەبیّ زۆرتر تیّبکۆشیّ تا بایخی ژیان بزانیّ. مرۆڤ دەبیّ بە ئەزموون و داهێنەر بیّ. هەر شێت و شوورێک دەتوانیّ تەمەنی دە ساڵەیی و بیست ساڵەیی بە خۆشی تێپەڕ بکات و چێژی لیّوەربگریّ. بەڵام لە تەمەنی سەد ساڵیدا کاتێک مرۆڤ بڕستی لیّبراوە و ئیتر جموجۆڵ نەماوە دەبیّ بیرێکی دیکە بکاتەوە.

نازانم توانیبێتم بۆیان بسەڵمێنم یان نا. سڵاوی منیان پێبگەیەنە. ئێستا من ئیتر ماندووم.

تا بەیانی

لە ئامێزت دەگرم

ئۆسکار

*****

ڕۆژباش خوا!

ســــــەت و دە ســــــــــاڵ. یەکجار زۆرە. لەو باوەڕەدام کە خەریکە دەمرم.

ئۆسکار

*****

ڕۆژباش خوا!

کوڕە بچکۆلەکە مرد.

من لە ئیشەکەم دا وەک پەرستار بەردەوام دەبم بەڵام چیتر دادەسووریَ نابم من تەنیا بۆ ئۆسکار دادەسووریَ بووم.

ئەو ئەمرۆ سەر لەبەیانی لە دونیا ڕۆیشت. من و دایک و باوکی بۆ نیو سەعات چووبووین قاوەیەک بخوێنەوە. ئەو بە بێ بوونی ئێمە ڕۆیشت. من لام وایە ئەو چاوەڕوانی دەرفەتێک بوو کە ئێمە لە لای نەبین ئینجا جێمان بهێڵێ. ئەو نەیویست کاتی سەفەر کردنی ڕامانچڵەکێنێ. وەک بڵێی ئەوە ئەو بوو کە بە سەر سەرمانەوە بوو و چاوەدێری دەکردین.

هێند خەفەتبارم کە دڵم ژان دەکات. ئۆسکار وا لە دڵمدا هێلانەی کردووە بۆم دەرناکرێ. دەبێ فرمێسکەکان ڕابگرم تا کاتێک شەو دەگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم، چونکە پەژارە و گریانی من دەتوانێ هێندەی تر خەمی

له بڕان نەهاتووی دایک و باوکی ئۆسکار قورستر بکات.

سوپاس کە دەرەتانی ناسین و دەگەڵ بوونی ئۆسکارم هەبوو. سوپاس کە لە بەر ئۆسکار توانای دۆزینەوەی ئەم بەسەرهاتە پێکەنینیانەم هەبوو و تەنانەت بۆخۆشم هێندێک لە زۆرانکاری و یاسا و ڕێساکانی گەیشتم. سوپاس کە لە سایە سەری ئۆسکارەوە منیش دەمێک پێکەنیم و دڵخۆش بووم. ئۆسکار یارمەتی دام کە باوەڕ بە تۆ بێنم. هەموو هەناوم پڕە لە خۆشەویستی، لیپاولیپم لە توانا. گەرموگوڕییەک کە ئەو پێی بەخشیم، بەشی هەموو ساڵەکانی ماوەی ژیانم دەکات.

تا کاتێکی تر

دادەسووریَ

تا لە بیرمە ئەوەش بڵێم کە ئۆسکار ئەم سێ ڕۆژەی ئاخری کورتە نامەیەکی لە سەر مێزی تەنیشت

تەختەکەی بەجێ هێشتبوو، کە لام وایە بۆ تۆ نووسرابوو . ئەوەی لە سەر نووسرابوو:

تەنیا خوا بۆی هەیە بەخەبەرم بێنێ .

ئەمە نامەکانی ئۆسکاری تەمەن دەساڵەن کە بۆ خوڵای نووسیون. "ئوسکار لە نەخوشخانەیە و مامیە رۆز" واتە دادە سوورێ ڕۆژانە سەردانی دەکات. لە نامەکاندا ئۆسکار دوازدە رۆژ لە ژیانی خۆی باس دەکات. دوازدە رۆژ پڕ لە زیتی، وریایی و خۆشەویستی. دوازدە ڕۆژ هەڵگرێ دیداری پێکەنینی و دڵ هەژێن. لەوانەیە ئەم دوازدە رۆژە ببن بە دوایین ڕۆژەکانی ژیان، کە چی لێهاتوویی و سۆزی دادە سوورێ بۆ ئۆسکار، دەیکات بە ڕۆمانێک.

"*دادە سوورێ و ئۆسکار* بەسەرهاتێکە دڵ و دەرونی خوێنەر داگیردەکات و تا ماوەیەکی زۆر پاش خوێندنەوەش جێی ناهێڵێ. کورت، بە ناوەرۆک، پڕ لە گوڵمەز، بزوێنەر و وانەیەکە بۆ ژیان."

"شمیت بە توانایە، چۆتە بنچ و بناوانی ئایینەوە و بوێرانە بیر و ڕای جێگە باس و پڕکێشەکانی دێنێتە ڕوو."

*ژ. سن. لۆمۆند*